# نەوشەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

91

ئادار 2013

فایل

# تایبەت بە جەمال بابان

- چیرۆک
-دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان



## پێشەکی

ئەو چیرۆک و دیمەنی ڕۆژانەیەی کە لە دوو توێی ئەم بەرگەدا ئەیانخوێنیتەوە، تەمەنی هەندێکیان ئەگەڕێتەوە بۆ شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی پێشوو، ئەوانی تریش وردە وردە بەرەو خوار بوونەتەوە و نزیک کەوتوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هەریەکە دەیەها ساڵی بەسەرا تێپەڕیوە.

جا هەرچەند چیرۆکەکان مەرجی چیرۆک و تەکنیکی نوێیان تیا نییە، بەڵام بەسەرکردنەوەی جارانیش هەر خۆشە. جگە لەوەی هەڵسوکەوت و ژیان و ڕابواردنی ئەو سەردەمەش پیشان ئەدا.

بۆ وێنە بەرەی ئەمڕۆ سرکە و ترشیات گرتنەوەی لە ماڵی خۆیاندا نەدیوە، بەڵکو ئەو شتانە یەکسەر لە بازاڕ ئەکڕن، کەوابوو بە کوپە ترشیاتەکەی باجی حەلاوا بۆیان دەردەکەوێ، کە سیستەمی ژیانی پەنجا شەست ساڵ لەمەوبەر چەند قورس و گران بووە.

باقیی چیرۆکەکان و دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان هەریەکە پەند و دەرسێکە، ئەگەر مرۆ بەوردی بیانخوێنێتەوە، بێگومان سوودیان لێ وەرئەگرێ، بێجگە لە زاخاوی مێشک بەقسەی خۆشی لای خۆمان و هەندەران ئینجا فرمێسکێک بۆ هەڵەبجەی شەهید لە ڕێیی عەبابەیلێوە و کۆتاییەکەی (ئاهەنگەکانی تەمەن) کە هەریەکە لەوانیش نرخی خۆی هەیە.

دڵنیام هەر یەکێکیان کەم یا زۆر تەزوویەک بە دەزوولەکانی مێشکی خوێنەردا ئەهێنن. منیش بەخۆشی ئەو ئاواتەوە پێشکەشم کردن.

## چیرۆک

### ئاهی ئێمە بە کۆتەرە بێت*

ڕۆژ، ڕۆژێکی هاوین بوو دەمەونیوەڕۆ، سەپان وەرزێر جووتیارەکان گشت بۆ پشووی نیوەڕۆ بەرەو ماڵ ئەگەڕانەوە، هەموو سەروریش تۆزاوی، سنگ داچەقاو و تووکن، ئارەق بە خوێ ئاوکی لەشەوە جۆگەلەی ئەبەست بەوناو تووک و تۆزەدا قوڕاوی ڕائەدا.

ئەو ساڵەش ماشەڵڵا خەرمانەکانیان خەرمان نەبوون، هەریەکە کێوێک بوون بۆ خۆیان بۆیە خاوەنەکانیان هەرچەند پیایانا ئەڕوانین، لە جیاتیی ئاهێک هەزار ئاهیان تێ ئەگەڕا و کوڵ و کۆی لەشیان دائەمردەوە و هەموو ماندووبوونەکەیان لە بیر ئەچووەوە بە جۆرێک بسکەی سمێڵیان ئەهات، چۆن نایەت ئەوانێک ساڵ دوانزەی مانگ خەریک بن ڕەنج بدەن، بەروبوومی تێکۆشانەکەیان ئاوا بە پوختەیی بۆ بێتە بەرهەم.

ئا لەم کاتەدا بوو، کە لە پڕ لەناو دێدا بوو بەهەرا، ئەوەندەی نەبرد هەر کەسێکم ئەدی لە ماڵ دەرئەپەڕی و هەموو ڕایان ئەکرد بەرەو خوار، کەس سەرکەسی نەئەپەرژا، لە هەریەکێکێشم ئەپرسی ئەوە چییە، لەوە زیاتر کە بە دەم ڕاکردنەوە ئەیانوت: قەوما، ئیتر کەس وەڵامێکی تری نەئەدایەوە. کە سەرنجم دا بەرەو خوارەوە سەیرم کرد قەڵەباڵغییەکی زۆر لای مزگەوتەوەیە. منیش لەگەڵ حسەی هاوڕێمدا بە ڕاکردن شۆڕ بووینەوە بەرەو مزگەوت کە گەیشتینە پێشەوە وەک منداڵێکی سەرەڕۆ دڕم بە خەڵکەکە دا و چوومە پێشەوە، بەڵام چیم دی: ئەبینم وا لاشەی مام

* ئاهی ئێمە بە کۆتەرە بێت: نزا یاخود دۆعایەکە ژن ئەیکات و دەستی ئەدا بە سنگی خۆیا بۆ ئەوەی دۆعاکەی گیرابێت. کۆتەرە بنەدارە کە ئەیسووتێنن.

کەریمی شوان لەسەر بەردەنوێژەکانی مزگەوتەکە درێژ کراوە هەموو گیانی خلّتانی خوێنە، منالّەکانی خۆی و زۆریش لە خەلّکی دێیەکە شین و ڕۆڕۆیانە بە دیاریەوە. کە ئەمەم دی لەوێدا لەپێش هەموو شتێکا بە پیرەوەچوونی گاگەل و سواری کەرەکانم کەوتەوە بیر، ئەمویست بچم هەر لەوێدا دەستی مام کەریم ماچ کەم تاکو ئەویش هەر وەک جاری جاران بزەکە بیگرێ ئێمەش بڕۆین پەلاماری کەرەکان بدەین سواریان بین و دەست بکەین بە غارغارینەکەی خۆمان بەلاّم هەیهوو.. هەیهوو.. ئاش لە خەیالّێک و ئاشەوان لە خەیالّێک، کەر لە کوێ کەوتووە کوندە لە کوێ دڕاوە؟ خوڕ خوڕ ئاو بەهەردوو چاوما هاتە خوارەوە و منیش وەک ئەوانی تر دەستم کرد بە گریان، گریانێکی وا گەیشتە بانگ هەلّدان. نالّە و گرمەیەکی بەهێز هێنامیەوە هۆش خۆم، بەبێ هەست ڕام کردە ئەولاوە سەیرم کرد دار و پەردووی بالّەخانەکەی مالّی میمکە لەیلێ. کە لەیلێ بێوەژنیان پێ ئەوت بەرامبەری مزگەوتەکە لەگەلّ گەردەلوولێک لە تەپوتۆزا چوو بە ئاسمانا، نەخێر ئەوەندەی نەبرد خانووەکەش هەرەسی هێنا، حسەی هاوڕێم کە لەگەلّما بوو ڕای کرد بزانێ چییە، ئەوەندەم زانی شتێک لە بەردەمی ئەویشا دای بەزەویا منالّەکەی هەپروون بە هەپروون کرد، تاکو دیوارێکی مزگەوتیشی لەگەلاّ هێنایە خوارەوە. ئیتر هەر کەسە کە لەوێدا بوو بالّی لێ پەیدا بوو تەنها من نەبێ کە لە شوێنی خۆما حەپەسابووم ئاگام لە خۆم بڕابوو تا لە پڕ یەکێک پەلی گرتم و توند ڕای کێشام وتی:

– غەزەب چی ئەکەی لێرە ڕاکە تا گوللە تۆپێکت بەر نەکەوتووە چاوت لێ بوو حسەی لەیلێ بێوەی چی لێ کرد؟ منیش هەر بڕوام نەکرد هیچی لێ هاتبێ یاخود بە عەقلّی منالّی دلّخۆشیی خۆمم ئەدایەوە کە خوا چاکی ئەکاتەوە یاخود پەرییەکان ڕزگاریان کردووە تا لێم پرسی:

– توخوا مام فەرەج گیان حسە چی لێ هات تۆ بلّێی مردبێت؟.

دەستم بە مام فەرەجەوە بوو کە ئەو بە هەلّەداوان ئەڕۆیشت و منیشی کێش ئەکرد بە شوێن خۆیا من هێشتا پرسیارەکەم تەواو نەکردبوو، ئەوەندەم زانی گرمەیەکی تر لەو پەڕ ئاواییەوە هات، یەکێکی تریش لای دار و شەخسەکەی پیر محەمەدەوە. لەگەلّ هەر گرمەیەکیشا مام فەرەج منی خپ ئەدا بە عەردا و خۆشی لە پەوروو خۆی مەلاّس ئەدا، کە تەقە نەئەما هەلّئەستاینەوە و مام فەرەج بە دوای خۆیا کێشی ئەکردم، دیشداشەکەم لەبەر پێم ئەگیرا لەوەدا بوو بە دەما بکەوم بەوەی باش بوو پەلم بە پەلی مامەوە بوو. خێرا خێراش لێم ئەپرسی.

– مامە گیان ئەمە چییە و بۆ وا ئەکەن، کێ مام کەریمی وا لێ کرد؟

ئەویش بە دەم هەنسکەبڕکێ و لۆقەوە ڕای ئەکێشام و ئەیوت:

– بڕۆ چەنەباز وەختی ئەم زۆربلّێییە نییە بێدەنگ بە. تا گەیانمیە نزیک مالّی خۆمان، لەوێدا سەیرم کرد وا دایکم بە سەری قوّتی و بەپێی پەتی هەموو گیانی ئەلەرزی ڕوو پەشۆکاو و قژ ئالّۆزکاو بەرەو ڕوومان هات، کە چاوی بە من کەوت وەک شێت پەلاماری دام گەلێک بە ساقە و بەقوربانی مام فەرەج بوو ئیتر دەستی ڕاپسکانم و بەڕاکردن بەرەو گا بەردەکانی ئەودیو ئاوایی

فڕاندمی و خێرا خێراش ئەیوت:

– ڕاکە بەقوربانت بم وریابە نەکەوی ئنجا ئەیدا بە ڕانی خۆیا و ئەیوت.

– ئەی هاوار ئەم قیامەتە چییە و بۆچی شەڕ ئەئاوا لەبەر قاپی خۆمانا داوێنی گرتین. کە گەیشتینە پێشەوە سەیرم کرد هەر خەڵکی دێیەکە بوو ئەوانیش ملیان ئەنا بۆ ئەو ناوە و لەوێ خۆیان ئەشاردەوە.

منیش زۆر حەزم ئەکرد کە هەر هیچ نەبێ شتێک تێ بگەم خێرا خێرا لە دایکمم ئەپرسی:

– دایە گیان ئەمە چییە بۆچی پێم ناڵێیت، توخوا چییە؟ بۆچی لە هەر کەسێکیش ئەپرسم پێم ناڵێن؟ ئەویش لە وەڵاما ئەیوت:

– ڕۆڵە چوزانم خوا لە ناوی دەمیان کوتێ، نانی هارییە گرتوویانە بەدەمیانەوە. ئنجا سەری بەرز ئەکردەوە بۆ ئاسمان و ئەیوت:

– خوایە لە باڵیان دەی، خوایە ئەمە قبووڵ نەکەیت. ئنجا خوڕ خوڕ ئاو بە چاویا ئەهاتە خوارەوە و ئەیوت:

– نازانم ئەو داماوەی باوکیشت چی بەسەر هاتووە؟ ئەڵێن گرتوویانە و لەگەڵ (مەعموورەکانی تری ناحیە)دا کەلەپچەیان کردوون و بردوویانن بۆ شار. دایکم لەم قسانەدا بوو لە پڕ گرمەگرم پەیدا بووەوە، ئەمجارە بەرز، زۆر بەرز واتا بە ئاسمانەوە، کە سەرمان هەڵبڕی دوو فڕۆکەی لووت تیژمان دی کە ئەهاتن و ئەچوون، وەک واشە لە ڕاستی دێییەکەدا نزم ئەبوونەوە وەک سنگەخشکێ بکەن لەو کاتەدا هەریەکە شتێکیان بەرئەدایەوە هەڵئەسانەوە، لەگەڵ ئەو شتانە ئەیاندا بە زەویدا ئەبوو بە ناڵە و گرمە و ئەو شوێنەی بەریان ئەکەوتن هەرەسیان ئەهێنا و ئاگر و تەپوتۆز ئەچوون بە ئاسمانا، بەم جۆرە فڕۆکەکانیش شەش حەوت سووڕ هاتن و چوون هەرچی بای غەزەب و ئاگری ڕق و کینەیەک کە لە ورگیانا بوو بەریان دایەوە و بە ئارەزووی خۆیان ئەو ناوەیان تەخت کرد ئەوسا ڕۆیشتن.

نەخێر تاوێکی نەبرد، ئێمە هەر لەناو تاشە بەردەکانا بووین ئەوەندەمان زانی ئەمجار چوار فڕۆکە هاتنە سەر ئێمە، چەند سووڕیان بە سەرمانا خولانەوە و ئاگربارانیان کردین بەڵام هەرکەسە خۆی دایە بن بەردێک بەوەی باش بوو، ئۆخەی کە کەس بەرنەکەوت، دوای ساتێک کە هیچ مەترسی نەما ئەوەندەم زانی میمکە لەیلیی دایکی حسە کە ئێمەی لە دوورەوە بەدی کرد بەرەو ڕوومان هات منیش کە دیم بە دایکم وت:

– دایە گیان ئەزانی حسەش لە بەردەمی مزگەوتا کوژرا. دایکم کە ئەمەی بیست ئیتر کەوتە ڕوومەت ڕنینەوەی خۆی و دەستی پێ کرد: ئەی دەستی شکاوم ڕۆڵە، ئەی دایکت کوێر بێ ڕۆڵە. بەڵام باش بوو زوو بڕییەوە کە دی وا میمکە نزیکمان بووەوە ئەوەندەی پێ وتم:

– ڕۆڵە نەکەی باسی بکەیت لای دایکی بەهیچ جۆرێک. وا دیارە نەیزانیوە، با قسەکە لە ئێمەوە

بڵاو نەبێتەوە لەم کاتەدا میمکە بە ڕوویەکی خۆش و دەمی بەپێکەنینەوە لێمان نزیک بووەوەو وتی:

– وا کـورگـەل لێـیـان ڕاپەڕین، مـەترسن پشت بەخـوا تەفـروتوونـایان ئەکـەن و هـەمـوویان هەڵئەفڕێنن. ئەمەی وت و ئێمەی بەجێ هێشت.

بەڵام ئێستاش لە یادمە کە چۆن ڕۆیشتنێک ئەڕۆیشت وەک بڵێی ڕممەی پێی ئەهات ئەوەندە بە غیرەت و گورج و گۆڵانە دوور کەوتەوە تاکو ئەو هەواڵەی پێیەتی بە خەڵکەکەی تریشی بگەیەنێت.

کە دوور کەوتەوە لێمان دایکم لەبەر خۆیەوە ئەیوت:

– هەناسە سارده وا دیارە ئاگای لە هیچ نییە، داماوە ئاخۆ پێ بزانی چی بکات؟

منیش وتم:

– بەخوا سا باڵەخانەکەشیان هەر لە بەرچاوی خۆم هەرەسی هێنا.

بەڵام توخوا دایە ڕۆڵەکانی خۆیان کێن و چییان کردووە؟

– وەڵام نەبوو.

کات گەیشتە دەمەوعەسر. منیش تێنووم بوو، برسیم بوو، ماندوو بووم. ئەوەندە پەلیان ڕاکێشا بووم و خـۆم دابوو بە عـەردا و ڕام کردبوو هێزم لەبەر بڕابوو. دایکم بردمیـە سـەر کـانییـەکـەی خـواری خـوارەوە لەوێ تێروپڕ ئاوم خـواردەوە و لەو ناوەدا مـاینەوە تا دنیـا تاریک بوو، ئەوسـا هـەر کەسـە بەبێ دەنگ، بە مـاتەمـاتە یا بە سکەخشکێ بە دوای مـام فـەرەجدا کـە پێشـمـان کـەوتبـوو گەڕاینەوە بەڵام لە ڕێگاش هەر بیرم لە پارچەیەک نان ئەکردەوە کە بیخۆم و ئاهێکم تێ گەڕێ.

شـەو من لە مـاندوویەتیـدا دوای ئەوەی چیم بەردەست کـەوت لە نانی جـۆی ڕەش و ڕەق و دۆی ترش خواردم و زوو بۆی نوستم. تا لەوسەرەوە لە دەنگەدەنگ و قسەکردن بە ئاگا هاتم کە هەستام سـەیرم کـرد دنیـا ڕوونە، مـام فـەرەج و ئەفـرۆزی ژنی و دوو کـوڕی هەرزەکـاریش کـە هـەریەکـەی تفەنگێک بە شانەوە و ناوقەدیان لە فیشەکا زەرد ئەچووەوە دانیشتبوون. گوێم لێ بوو مـام فەرەج بە دایکمی ئەوت:

– کچی خۆم نەڵێیت غەریبەم لەم دێیەدا و مێردەکەم دیار نییە یاخود بێ کەسم. ئەوەتا ئێمە هاتووین بۆ ئاگاداریی تۆ و کوڕەکەت لە دوێنێوە بەجێمـان نەهێشـتوون و بەجێشـتـان نایەڵین. دایکیشم چای بۆ دەم کردبوون و نانی خستبوونە بەردەمیـان، خێراخێرا چای یەک ڕەنگی بۆ تێ ئەکردن و ئەیوت:

– لالە فـەرەج گیـان من ئافـرەتم هیـچم لە دەست نایە لـەوە زیاتر کـە دوعـای خـێر بکەم بۆ ئەو قارەمانانەی کە ئەمجارەش فریامان کەوتنەوە، خـوایان لەگەڵ بێت ئێوە و ئەوان خـۆش بن، هەموو لایەک سەلامەت بن مـن خـەمی هیچم نییە. ئنجا سەرو جگەرەی بۆ داگیرساندن و داینێ ئەوسا لە مام فەرەجی پرسـی:

– ئەرێ مـامە گیـان ئەم بەزمـەی دوێنێ لەسـەر چی بوو ڕاسـتـە ئەڵێن ئەوەی ئەم ئومـەتە وا بەقڕ

ئەدا حاجییە و گوایە دەستی بە قوڵفی کەعبەوە گرتووە، ئەگینا باشە ئەم خوانەناسانە چییان ئەوێ لەم هەژارانە و بۆ وا ئەکەن؟

مام فەرەجیش دوای ئەوەی دەستێکی بە ڕیشە ماش و برنجییەکەیا هێنا جگەرەیەکی تری بەوی پێشوو داگیرسان و نەفەسێکی لێ داو وتی:

– ئەرێ وەڵڵا حاجییە یاخوا ئاهی ئێمە بە دەردێک بچێت کەس لاشەکەشی نەناسێتەوە و بە کۆتەرە بێت، ئنجا پشوویەکی داو دەستی پێ کردەوە:

– ئەرێ کچی خۆم چییان ئەوێ؟ هاتوون تالانمان بکەن دێیەکەمان داگیر بکەن و بیسووتێنن و پەت پەتی دنیاش بە خۆمان بکەن، دایکیشم ژنێکی گەلێک لە خواترس و بەباوەڕ بوو وتی:

– جا مامە گیان خوا ئەمە قبووڵ ئەکات و ڕەوای حەقە؟ مام فەرەج سەری دانەواند وەک بیر لە کارێکی قووڵ بکاتەوە، جگەرەکەی هەوا دایە پشت خۆیەوەو وتی:

– دایکەکەم ئێمە لە (قالوا بلی)وە ژیانمان لەسەر ئەم خاکەیە کە لە باو و باپیرانمانەوە بۆمان بەجێ ماوە بۆ پاراستنی هەر بستێکی خوێنێک ڕژاوە، کەوا بوو ئەبێ گۆڕی هەموومانیش هەر لێرەدا بێت، چۆن هەروا بە ئاسانی ئەیدەین بەدەستەوە، ئنجا ڕووی کردە یەکێک لە تفەنگچییەکان کە کوڕێکی چوارشانەی گەنم ڕەنگ بوو وتی:

– توخوا کاکەڕەش ئا بۆی بگێڕەرەوە.

منیش لە ئەنجامی ئەم دەمەتەقێ و قسانە تەواو خەوم لێ زڕا، بۆیە لەناو جێگەکەمدا ڕاست بوومەوە، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەواڵی ئەم هەرا و بگرەکە بووم یاخود گوێ قولاخ بووم بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە دوێنێوە وەک مار لە مێشکما گینگڵیان ئەخوارد هەر ئەمکرد و کەسێک نەبوو وەڵامم بداتەوە.

کاکە ڕەش دەستی کرد بە باخەڵیا پارچەیەک کاغەزی ژاکاوی بچووکی دەرهێنا کە چوار قەد کرابوو وتی:

– دوێنێ ئەم نووسراوەمان لە بنکەکەی نزیک شارەوە بۆ هات تیایا نووسراوە کە (هەموو دانیشتوانی دێیەکە و مامۆستا فەرهاد ئاگادار بکەن کە تا زوو بۆی دەرچن درەنگە چونکە وەک زانیومانە سبەینێ هێزێکی گەورەی دوژمن دێنە سەرتان، کەس نەمێنێتەوە ئیتر هەر بژی کوردستان).

منیش کە ئەمەم بیست بێ پەروا ڕووم کردە دایکم و بە پەرۆشەوە لێم پرسی:

– دایە گیان باوکم چی کردووە وا گرتوویانە، توخوا هیچیان لێ کردووە؟ کاکە ڕەش وەڵامی دامەوە وتی:

– نە باوکەکەم نەء، نە گرتوویانە و نە کەسیش ئەتوانێ بیگرێ، ئەو مەچەک و بازووانە خۆش بن لە دوایەوە کەس ناتوانێ تاڵێک موو لە سمێڵی بکاتەوە، ئنجا قومێکی لە چایەکەی بەردەمی دا و

به کەوچکەکە تۆزێکی تر شەکرەکەی ناوی تێک دا. لە دواییدا سەری هەڵبڕییەوەو وتی:

– خۆتان ئەزانن کەریم سەلیمی خوا لێخۆشبوو شوان بوو بەیانییان زوو وڵاخەکانی پێش خۆی ئەدا لە ڕۆخی ڕێگاکە ئەیلەوەڕاندن کە سەیر ئەکات ئەبینێ وا لە دوورەوە هێزی دوژمن قەتاریان بەستووە بەرەو دێیەکەمان دێن، کە ئەیانبینێ ئەویش ڕەشەوڵاخ ئەداتە پێش خۆی و بە پەلە لێیان ئەخوڕێ بۆ ناو دێ، تا ئەگاتە سەر یاڵەکە، لەوێ دوژمن لە دوورەوە هەستی پێ ئەکەن ڕەنگ هەیە لە ترسی گیانی خۆیان تارماییی وڵاخەکانیش هەر بەزەلام تێگەیشتبن، دەست ئەکەن بە دەستڕێژ، زۆری وڵاخەکان ئەکوژن و کەریمیش ئەپێکن. بەڵام هەرچۆنێک بێت کەریم بە پەلکوتان و سکەخشکێ و خۆکێشکردن، بەو هەموو برینەوە خۆی ئەگەیەنێتە ناو ئاوایی، تا ئەگاتە بەر مزگەوت لەو کاتەدا ئێمە هەموو لەوێ بووین، هەرچۆنێک بوو بە هەناسکەبڕکێ و ئیشارەت شتێکی تێ گەیاندین و ئیتر گیانی پاکی بە خاک سپارد، ئێمەش زانیمان دنیا چ باسە کەوتینە خۆمان.

منیش لەم کاتەدا دیسانەوە بە خەیاڵ فڕیمەوە بۆ لای مام کەریم، بۆ ئەوساکەی کە گاڵۆکەکەی هەڵئەسووڕان لە گاگەلەکە و فیکەیەکی بۆ ئەکردن، هەموویانی گل ئەدایەوە مۆڵیان ئەخوارد لە بەردەستیا، ئنجا دەستی ئەکرد بەهۆرە بە دیاریانەوە و ئێمەش چۆن مەراییمان ئەکرد تاکو ڕێمان بدا سواری کەر بین. کاتێک هاتمەوە سەر خۆم گوێم لە کاکە ڕەش بوو ئەیوت.

– هەرچەند کاغەزەکە درەنگ گەیشتە دەست مامۆستا فەرهاد، بەڵام ئەویش کوڕانە ناردی هەموومانی کۆ کردەوە لە ماوەی سەعاتێکدا، هەر کەسە بە چەک و کەلوپەلی خۆیەوە لە شینکە و کەوەڵەکەی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە خۆمان داگرت ئەویش بە سەرمانەوە، هیچ دەنگمان نەکرد تا هێزی دوژمن هاتنە بەر قەرەوولی چەکەکانمان، ئەوسا دەستمان لێ کردنەوە و ئاگربارانمان کردن. ئیتر خێر بێ بەسەر خۆمانا و شەڕ بێ بەسەر دوژمنا، بە جۆرێکی وامان لێ کردن کونە مشکمان لێ کردن بە قەیسەری، یەکێک بۆ پێشەوە ڕای ئەکرد، وە یەکێک ئەکشایەوە دواوە یەکێک ئەکەوت، ئەوسا لە تاوا هیچیان بۆ نەمایەوە دەستیان کرد بە تۆپ هاوێشتن بۆ ناو دێ.

ئنجا مام فەرەج لەوێوە هەڵی دایە وتی:

– دە تۆ مژدەی ساغ و سەلامەتیی مامۆستا فەرهادی مێردیشی زوو بدەرێ با ئەوەندە مەراق نەکات. کاکە ڕەش لەوەدا بوو دەم بکاتەوە لەو کاتەدا تەقەی دەرگاکەی دەرەوە هات. ئەوەندەم نەزانی باوکم خۆی کرد بەژوورا پێنج شەش پێشمەرگە بە دوایەوە، هەموو ئازایان زەرد ئەچووەوە لە فیشەکا کە باوکم دی هەستام ڕام کرد و خۆم فڕێ دایە سەر سنگی و دەستم کرد بە ماچکردنی، ئەویش تێروپڕ ئەملا و ئەولای ماچ کردم لە دواییدا ڕووی کردە کاکە ڕەش و وتی:

– کاکە ڕەش هەستە بزانە هەر کەسە جێی خۆی گرتووە لەسەر ڕێگاکە و دەوری ئاوایی، بڵێ کەس شوێنی خۆی بەجێ نەهێڵێ و هەموو ئاگادار بن.

ئەوساکە دایکم و ئەتوانم بڵێم ئێستاکەش من بە تەواوەتی تێگەیشتین کە باوکم چی بوو و چ پلەیەکی بەرزی هەبوو لە کۆڕی خەباتا.

# لە ڕێگای سەرا

لە ڕێی سەرا لە دوورەوە بەرچاوم کەوت لە تارماییيەکی ئەکرد بەڵام کە لێی چوومە پێشەوە سەیرم کرد پێستەکەی نووسابوو بەسەر ئێسقانەکانیا، پێستە ڕەشە بریقەدارە زبرەکەی کە هەتاو سووتاندبووی و ئیشکردن و چەوسانەوەی بێ دەرامەتی وەک ڕنەکی لێ کردبوو، هەردوو چاوەکانی زەرد بەقووڵا چووبوون لەناو شەونخوونی وە بێ خەوی و کاسی وە هەر چەندی ئەکرد بۆی هەڵنەئەهانن. خۆ ملیشی ئەتوت نیرکە کاردووە باریک و درێژ هەموو ڕەگەکانی وەک ژێی کەوان ڕاست بووبوونەوە. لێوی شین و مۆر بووبووەوە و ئەلەرزی، ئەو پێنج شەش دانەش کە لە دەمیا مابوو هەموو زەرد و ڕەش هەڵگەڕابوون و ژێریان بە بەلغی سپی سواغ درابوون خۆ بەم کێشەوە هەموو لەشی بگەڕایتایە پلێک گۆشتت بۆ نەئەدۆزرایەوە هەر بۆ ئاهی سوێند و بۆ ئەوەی لەگەڵ دار و بەردا جیا بکرێتەوە، بۆیە ئەڵێم ئەتووت داسک و دەرزییە، بگرە لە بووکە سەماکەرەی ناو دەغڵی ئەکرد لە لەڕی و بێ جورمی و شڕریا. کە هەناسەی ئەدا سک و سنگە رووتەکەی وەک چەرمی موشەدەمە بەرز و نزم ئەبوونەوە و خۆشی پێوەی ئەهات و ئەچوو. ئیتر کابرا کۆمەڵە ئێسقانێک بوو لە چوارچێوەی ئادەمیزاددا و هیچی تر. بەعابایەکی زبری درراوی ڕێ ڕێی شی بووەوە ئەو کۆمەڵە ئێسقان و چەرمە شاررابووەوە، لەژێر عەباکەشەوە دەرپێیەکی خامی دەرلنگ هەڵتڵیشاوی ڕەش هەڵگەڕاو لە چڵکاو لە ژوور ئەویشەوە کراسێکی هەمان بابەتی لەبەرا بوو، سەری قوتی و پێی پەتی بوو.

کابرا زۆرتریش لە برسا ئنجا لەبەر پیری و چوونە ساڵەوە کۆما بووەوە، بۆیە خۆی دابوو بەسەر گاڵۆکێکی خوار و خێچی ناڕێکا هەنگاوەکانی و پێ دانانی ئەتوت بەسەر هێلکەدایە ئەوەندە سووک و هێمن بوو.

خۆم پێ نەگیرا بە تەواوەتی لێی نزیک بوومەوە تا چوومە بەر لووتی، ئەوسا دوو سێ جار لەسەر یەک دەمی کردەوە و دای خستەوە و لێوی هەڵهێنایەوە و پێوەی دایەوە، زانیم نیازی قسەی هەیە بۆیە هەر وەستام بە دیاریەوە بگرە هەر هانیشم ئەدا بۆ دەرخستنی ڕاز و نیازی، تاکو دواجار بەدەنگێکی باریکی بێهێز وەک لە شوێنێکی دوورەوە بێت وتی: ئەفەنی، بەقوربانت بم دایەرەی موتەسەڕیف لە کوێیە؟

منیش دەستم گرت و هێنامە چەپەکێکەوە و لە لایەنێکا دام نا و دوای تۆزێک لێم پرسی: مامە گیان ئایە ئەتوانم یاریدەت بدەم، موتەسەڕیفت بۆ چییە؟ لە وەڵاما هەناسەیەکی هەڵکێشا و دوای پشوویەکی تەواو لێوە لەرزۆکەکانی کردەوە و وتی: باوکەکەم، ئەمە دوو ساڵە ژان و ئازارێک لەناو سکمایە خەو و خۆراکی لێ حەرام کردووم. ئەو ژانە دوابڕاوە هەرکە بۆم دێ بەدەردێکم ئەبات. بەهەنگوین بڵێم ژەهری مارە.

کە ئەمانەم لێ بیست کەمێک دڵم خۆش بوو و بە خۆمم ئەوت: ئەبێ ئەم پیرەمێردە خواردنی

هەبێ بیخوات و سەرینی هەبێ سەری بکاتە سەر بۆیە ناوی خواردن و سەرین ئەبا، کەوا بوو هێجگار بەو جۆرە نییە کە دێتە پێش چاوم.

ئنجا سەرلەنوێ لام کردەوە بەلایەوە گوێم لێ بوو ئەیوت: پێرار جارێک و پاریش جارێک چوومە تیمارخانە دەستم کرد بە پشتێنی هەر کەسێکا لەوێ پێیان ئەوتم جێگا نییە. ئەمرۆش ئەڵێن حکوومەت گۆڕاوە ئەچم پەنایان بۆ ئەبەمەوە بەڵکو بمنوێنن لە تیمارخانە، چونکە هەژار و دەستەوستانم هیچ گومان نابەم، ئەگینا خزمەتێکی باشیشم هەر ئەکردن، دە بەخوا ئەم سێ ڕۆژە زاد نەچووەتە ناو سکم. لە وەڵاما پێم وت: خاڵۆ گیان: ئێستا فەرمانبەری بەرتیلخۆر و پیاوی دز و درۆزن نەماون، تاک و تەرایەک نەبێ کە ئەوانیش نامێنن، جاران یەکێک دزی نەکردایە هەمیشە بیانووگەر و گێچەڵیان پێ ئەگرت و هەر ڕۆژە لە جێیەکیان توند ئەکرد، وە ئێستا بەپێچەوانەی ئەوساوە دزی و بەرتیل ئابڕووی بخۆرەکەی ئەبا و بەناخی عەردا ئەیباتە خوارەوە، جگە لەوەی ئێستا هەموو فەرمانبەرێک حکوومەتەکە بە حکوومەتی ڕاستەقینەی گەل ئەزانێ، بۆیە هەموو بەدڵ و بەگیان ئیش ئەکەن و خەریک ئەبن و دەماغ ئەسووتێنن.

نەختێک دەمم لێک نا، کابرا چاوە زەردە بەقووڵاچووەکانی هەڵبڕی سەیرێکی کردم وە دەمی کردەوەو وتی: یاخوا وا بێ، خوا چی بەباش ئەزانێ ئەوە بکات بۆمان، کەواتە خوا ئەم دامودەزگایە بەرقەرار بکات.

ئنجا پەلی کابرام گرت و بردم بۆ سەر ڕاستە شەقامەکە لەوێ گالیسکەیەکم بەرچاو کەوت خستمە ناوی و بردم بۆ تیمارخانە، تێم گەیاند کە ئیشەکەی ئەو لای موتەسەڕیف نییە بەڵکو سەر بەسەرۆکی تەندروستییە. لەوێ فەرمانبەران لە ناو و (هوية) و نەخۆشییەکەیان پرسی، دەرکەوت ئەم نەخۆشە لە کاتی خۆیا کە (مراجعت)ی کردووە ناوی تۆمار کراوە و بەینێکە بە شوێنیا ئەگەڕێن کەوا قەرەوێڵە و جێگا چۆڵ بووە بەڵکو بنوێنن. کە ئەمانەیان وت، کابرا ڕاستت ئەوێ کەوا پەشیمان بووەوە لەو قسانەی کە لەوەپێش بۆی کردبووم بۆیە بێ دەنگ چرپاندی بە گوێما و وتی: ئەوەی بۆم باس کردی با هەر بەینی خۆم و خۆت بێ و دەرنەچێ.

لەم دواییەدا کە کابرام دییەوە ئەوەندەی نەمابوو نەیناسمەوە، سەیرم کرد ڕەنگێکی جوانی بە سەرا کشاوە و روخسار و ڕووی ڕوون بووەتەوە و دەستێ جلی پۆشتە و پەرداخی لەبەرایە. خۆم پێ نەگیررا دەستبەجێ پیرۆزباییی جلەکانیم لێ کرد لە وەڵاما وتی: ئەزانم مەبەستت چییە، با بۆت باس بکەم بەڵام بە دوو وشە: کە لە نەخۆشییەکەم چاک بوومەوە، سەرەڕای ئەو هەموو ئەرک و مەینەتەی بووم بەسەر فەرمانبەرەکان و پزیشکەکانی تیمارخانەوە بە ژن و پیاویانەوە کە کاتی هاتنە دەرەوەشم هات زانییان ڕووت و قوتم، لەناو خۆیانا هەرەوەزێکیان بۆ کردم نزیکەی (٣) دینارێکیان بۆ خڕ کردمەوە، ئەم جلانەیان بۆ لێ کڕیم و ئەوەتا باقییەکەشی لە باخەڵمایە بۆ خۆم کاسپییەکی پێوە ئەکەم.

ژین، ژمارە ١٤٣٠، ڕۆژی ١٩٥٩/٢/١٢

# کەوا بخۆ

لە شارێکی وەک سلێمانیی ئەوسا، واتا سلێمانیی ساڵەکانی سی و چلی سەدەی پێشوو پیاوێکی بازرگان بەبۆنەی ژنهێنانی کوڕە گەورەکەیەوە، ئاهەنگی نانخواردن بۆ دەر و دراوسێ و ناسیار و خەڵکی گەڕەک ساز ئەدا. خاڵە ئەحمەدیش یەکێک ئەبێ لە بانگکراوەکان ئەمیش پیاوێکی کەمدەرامەت و شرۆلە، بەڵام بەڕێز و تەمەن. ڕۆژی دیاریکراو ئەچێت بەڵام چونکە وەک ئەوانی تر پۆشتە نابێ، لە ڕیزی خوارەوە دای ئەنێن و لە دوورەوە بەخێرهاتنێکی ساردوسڕی ئەکەن، لە نانخواردنەکەشدا، سینی و نانەکەی بەردەمی ئەو فەرقی زۆر ئەبێ لەگەڵ ئەوانی تر کە لە ژوور ئەوەوە دانیشتوون، گوێ ناداتێ، نانی خۆی ئەخوا و کە تەواو ئەبێ ئەلحەمدولیللا و سوپاسی خوا ئەکات و پیرۆزبایی لە زاوا و باوکی و باقیی کەسوکاری ئەکات و ماڵئاوایی ئەکات و دێتە دەرەوە.

دوای بەینێک هەر هەمان بازرگان ژن بۆ کوڕی دووەمی دێنێ و لەسەر هەمان ڕێ و شوێن و ئەجری دراوسێتی، دیسانەوە دەعوەتی خاڵە ئەحمەد ئەکاتەوە، ئەمیش لەبەر ڕێزی دراوسێتی پێی شوورەییە نەچێت بەڵام دڵتەنگی جاری پێشووی هەر لەلا ماوە و بیری نەچووەتەوە. پیاوەکە ئەچێت قاتێ کەواوسەڵتەی تازە لە برادەرێکی خۆی ئەخوازێ و ڕۆژی خۆی لەبەری ئەکات و... خۆی ئەکا بەماڵا. وا دیوەخانیش جمەی دێ خەڵکێکی زۆری تیایە، کاتێک ئەم پیاوە پۆشتە و پەرداخە ئەبینن. هەموو لەبەری هەڵئەستن و فەرموو.. فەرموو ئەیبەنە لای ژووروە، دای ئەنێن، هەموو لەبەری هەڵئەستن، زۆری پێ ناچێ سینی خواردن دێ ماڵە و ماڵ لە گۆشت و شلە و برنج لە بەردەمی خاڵە و ئەوانی تر دائەنرێ، خاوەن ماڵ فەرموو لە خاڵە و ئەوانی تر ئەکات... خاڵەش داوێنی کەواکەی کە لەبەریایە، ئەگرێ و خێرا خێرا ئەڵێ: کەوا بخۆ... کەوا بخۆ... ئەمە لە سایەی تۆوەیە، دانیشتوان هەموو لەم (کەوا بخۆ)یە سەرسام ئەمێنن.. لێی ئەپرسن خاڵە گیان ئەوە چیتە کەوا چۆن نان ئەخوا. ئەویش لە وەڵاما ئەڵێت: هیچ نییە بەسەرهاتێکی کۆنی خۆمە بیرم کەوتەوە، نەخێر وازی لێ ناهێنن و زۆری لێ ئەکەن کە ڕاستییەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش ناچار بۆیان ئەگێڕێتەوە، ئەڵێت: برادەرینە، پێش بەینێک هەر لەم ماڵەدا بانگ کرام بۆ ئاهەنگی ژنهێنانی کوڕە گەورەکەی خاوەن ماڵ، چونکە بە جلوبەرگی هەمیشەییی خۆمەوە هاتم کە وەک ئەم بەرگەی ئەمڕۆم نەبوون، لە خواری خوارەوە دانرام، بگرە پشتگوێ خرام، ئەم جارە چووم ئەم جلانەم لە برادەرێک خواست و پێوەی هاتم بۆ ئەوەی دنیا تاقی بکەمەوە، ئەوەتا هێنرامە لای سەروو، کام خواردن باشە لە بەردەمما دانرا ڕێزم گیرا و ڕووی خۆشم درایە، لە ئەنجامدا تێ گەیشتم کە فەرقی ئەم ڕێزگرتنەی ئەم جارەم لەگەڵ جاری پێشوودا لەبەر خاتری خودی خودی من نەبوو. بەڵکو هەمووی لەبەر پۆشتەیی و جلەکانم بوو.... جا براینە بەداخەوە، ئەمڕۆ ڕۆژی کەوا بخۆ و خۆ بردنە پێشەوە و ماستاوکردن و دەست بەسنگەوە گرتنە... دەسا بەخوا ئەو کارانە بە ئێمە ناکرێ.

لە ڕۆژنامەی (شارستان)ی ژمارە (٧٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٣دا بڵاو کراوەتەوە.

# فس فس پاڵەوان

هاوڕێکەم هەر نەیبڕیەوە دوایی وتی "کابرا بەهەموو ئەقڵێکیەوە خۆی بە هەڵبژێرراو ئەزانێ بە ڕووی زەمینەوە، کە خوا ناردوویە بۆ ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی ئادەمیزاد و دەستگرتنیان، تا ئەیانخاتە سەر ڕێی ڕاست، بگرە خۆی بە پێغەمبەری دواڕۆژ یاخود «مهدي» چاوەڕێکراو دائەنا، دیتە تا دەست هەڵبڕی شیشمان و کەڵەگەت، وە نەختێکیش بەخۆوە بوو، بۆیە هەرچەند لە باڵای ورد ئەبووەوە و سەیری مەچەک و بازوو قەڵافەتی خۆی ئەکرد، ئەوەندەی تر لە خۆی بایی ئەبوو، دوابڕوای ئەوە بوو کە هیچ گومانی تیا نییە ڕۆژێک ئەبێ گشت لایەک بڕوای پێ ئەکەن، وە کەلێنێکی تەواو لە دڵی هەمووانا داگیر ئەکا، چونکە ڕاستیی پیاوەتی، لەخۆبووردن، خۆبەختکردن ئازایەتی، قارەمانی... ئەمانە هەموو ڕۆژێک ئەبێ هەر دەرئەکەون و لەناو هەوری تاریکا سەر ئەهێننە دەر و دەشت و کێو بە جارێک ڕووناک ئەکەنەوە". دوای پشوویەک وتییەوە:

فس فس پاڵەوان یاخود کاکە ئەحمەد لە تەمەنا پەنجا ساڵ بەرەوژوورتر بوو کەچی هەرکە لێیان ئەپرسی تەمەنت چەندە؟

بتکوشتایە و پەل پەلت بکردایە هەرگیز لە سنووری ٣٠ ساڵ ڕۆژێک نەئەچوو بەو دیوا، بۆ ئەوەی خەڵکیش ئەم قسەیەی بسەلمێنن و بڕوای پێ بکەن، پەیتا پەیتا سەر و سمێڵی بۆیە ئەکرد، ڕۆژە نا ڕۆژێک ڕیشی ئەتاشی بۆ ئەوەی تووکە سپییەکان سەر دەرنەهێنن وە بە درۆ نەکەوێتەوە.

خۆ لەگەڵ هەمینی یاخود «هەمە»ی ژنیا بەدەست یەکتریەوە گیریان خواردبوو، ڕۆژ نەبوو نەبێ بە بەربەرەکانی و حەنەحەپەشیان لەسەر باسی تەمەن، ئەم ئەیوت تۆ لە تەمەنی دایکمایت و ئەو ئەیوت تۆ لە بیرت دێ کە من لە چ ڕۆژێک لەدایک بووم، وە ئەیانگەیاندە ئەوەی کە لە یەک بەر بن، مام ئەحمەد گورج لە دڵا بەخۆی ئەوت: یاران زۆر شوورەییە بۆ من ڕێی نەفامی وا بدەم ئەم چەند و چۆنەم لەگەڵ بکات لەسەر من پێویستە لێبووردن و چاوپۆشی هێجگار بەرامبەر بەمجۆرە کەسانە.

دوای ئەوە هاوڕێکەم جگەرەیەکی بۆنداری لێ داگیرسان و تا لە توانایا بوو مژێکی پڕ بەدەمی لێ دا و تێ هەڵچووەوە سەرلەنوێ وتی:

– ئەگەر بڵێی کاک ئەحمەد پیاوێکی زۆر ساویلکە و ساکاریش بوو، چونکە هەرچییەکی بوتایە و بکردایە بە بڕوایەکی پاک و هەستێکی بێگەرد بوو، بێ ئەوەی تۆزێک بیری خراپە و چاولەدوویی یاخود داوێنپیسی تێکەڵاو بێت؛ بەڵام ئەڵێی چی تووشی نەخۆشیی نەفەسی بووبوو، وای دائەنا کە بێزارکردنی گێتی ئەبێ بە تەنها لەسەر دەستی ئەو بێت و بەس.

"کابرا خۆی حاڵی تەواو باش بوو واتا ئەوەی هەیبوو لەسەری ئەهات و لە پێی دەرئەچوو بگرە زۆریشی زیاد بوو لە خۆی وە ماڵ و منداڵی، خواش هەڵناگرێ هەمیشە دەستی جوامێری کرابووەوە، وەک بارانی بەهار پیاوەتیی لێ ئەباری".

ئنجا منیش لە هاوڕێکەم پرسی:

باشە ئەمانە هەمووی با وا بن ئەی بۆچی پێیان ئەوت: فس فس پاڵەوان؟ لە وەڵاما وتی: "ئەم باسە دوور و درێژە؛ بەڵام من پوختەکەیت پێ ئەڵێم: بەراستی مام ئەحمەد لە زۆربەی هەڵسان و دانیشتن و کردەوە و کۆششیا پاڵەوانێک بوو بۆ خۆی بگرە قارەمانێک بوو لە ئازایی و سوارچاکی و چەکبازیا؛ بەڵام بە داخەوە ئەڵێم: چونکە پیاوێکی ساکار و ساویلکە بوو زۆرجار بەخۆڕایی خۆی ئەدا بەتراندن وە فەلاقەکردن چونکە لە خۆیەوە لە شتی وا هەڵئەچوو کە هیچ پێوەندییەکی دوور و نزیکی بەوەوە نەبوو، دە لەگەڵ ئەمانەشا هەمووی زۆرجار بیری جوان جوان و ڕێکوپێکی دەرئەبڕی بەجۆرێک واقی زۆر کەسی وڕ ئەکرد، کەچی هەندێ جاریش قسەیەکی ئەوەندە بێتامی بەبەرا ئەهێنا کە بناغەی هەموو قسە جوانەکانی پێشووی ئەتلیسانەوە و خەڵکی لە خۆی تەرە ئەکرد".

قسەکانی ئەم برادەرەمم زۆر لا سەیر بوو بۆیە بە تەواوی گوێم بۆ شل کردبوو وە سەرم بۆ ئەلەقان، ئەویش بەوە زیاتر تاوی ئەدایە خۆی و دەسی پێ ئەکردەوە:

– دانیشتوانی دێیەکە زۆریان مام ئەحمەدیان بەوەلی دائەنا یاخود بە یەکێک لەوانەی بەرماڵیان بەسەر ئاوەوە ئەگەڕێ، چونکە مرۆیەکی ئەوەندە لە پێناوی موسڵمانانا لێبوورد بوو، ئەمەیان زۆرجار لە کۆبوونەوەکانیانا لەسەر سەرەنویلەکانی ناو ئاوایی یا لە ژووری مزگەوتدا باسی ئەکرد؛ هەرکە ئەم باسانەش بەرگوێی مام ئەحمەد ئەکەوتنەوە ئەوەندەی تر با ئەچووە پشکەلانییەوە وە بەوە بایی ئەبوو وە فیزێکی پەیا ئەکرد؛ بەڵام چەند کەسێکی وریاش هەبوون لەناو گوندەکەدا کە لە کاک ئەحمەد باش گەیشتبوون، بە جۆرێک چووبوونە موخەکەیەوە ئەوەندە شارەزای بووبوون، بۆیە ئەوانیش جارجار هەڵیان ئەدا و سابوونیان لە بەری پێی ئەدا بەوە کابرایان هەڵئەخلیسکان جاری وا هەبوو ئەوەندەی نەئەما ملی لە حەوت شوێن بشکێنن؛ بەڵام خوا ئەیپاراست. با بۆ نموونەش یەکێک لە سەدەها بەسەرهاتی کاک ئەحمەدت بۆ بگێڕمەوە، بۆ ئەوەی بزانی ساویلکەیی وە دڵپاکیی ئەم پیاوە گەیشتبووە چ ڕادەیەک. وتم فەرموو وتی:

– ڕۆژێک داروغایەک بە ئیشی میری هاتە گوندی «هەزارکانی» واتە ئەو گوندەی کاک ئەحمەدی تیا ئەژیا، خواوراستان ئەسپی مام داروغا چونکە ئەوەندە کا و جۆی بەلاشی ئەم و ئەوی خواردبوو غوباب بووبوو، بە هەر چوار پەل سەمای ئەکرد، ڕەشمە و زنجیری پچڕاند و بەر بوو کەوتە جووتە وەشاندن و تەراتێن بەناو ئاوایی یا بە جۆرێک زەندەق دار زەندەقی لە شیر و هور و حیلکەحیلکی ئەچوو، دوو سێیەک لە چوختییەکان ئەمەیان بە هەل زانی چوونە بن کلێشەی مام ئەحمەدەوە کە ئەو نەبێ ئەم بەلایە پەلبەست کا کەس لە حەقی نایە مام ئەحمەد بەمە لەو مەندەکەی تریش بوو هەستا دوای پیرە ئەسپ کەوت هالیرە ها لەوێ ئەم بە دوای وڵاخا و سەگەلی ناو ئاوایی بەدوای هەردووکیانا سەعاتێک پتر یەکتریان هێنا و برد تا کابرا کەمەندی هاوێشتە ملی ئەسپەوە و گرتییەوە، بەڵام دوای ئەوەی جووتەیەکی باشی خوارد، جگە لە کارەساتی سەگەلی

ناو ئاوایی کە پرزۆڵ بەرگیان بە بەرەوە نەهێشتبوو سەرەڕای ئەوەی لە چەند لایەکیشەوە کەڵبەیان لێ دابوو.

بەڕاستی ئەم کارەساتەم زۆر لا ناخۆش بوو و سڵم لە ئەنجامەکەی کرد بۆیە بەپەرۆشەوە لە برادەرەکەمم پرسی خۆ شکور مام فس فس بەم مەخسەرەیە هیچی لێ نەهات؟.

وەڵامی دامەوە کەوا: نەمرد بەڵام دوو سێ مانگێک لەسەر جێگا کەوت تا برینەکانی سارێژ بوونەوە و تۆزێک هاتەوە سەر خۆی، وە لەگەڵ ئەوەشا هەر وازی نەهێنا و لە جاران بە گوژمتر و سوورتر تێ هەڵچووەوە چونکە ئەو بڕوایەی لە مێشکیا بنجی داکوتابوو کە – خوا ناردوویە بۆ ڕێ نیشاندانی ئادەمیزاد – مەگەر مردن لە بیری ببردایەوە.

کە برادەرەکەم ئەم سەرگوزەشتەیەی تەواو کرد سەری هەڵبڕی وەلێی پرسیم "ڕات چییە بەرامبەر فس فس پاڵەوان؟" وتم: کابرایەکی بەرزە لام چونکە هەرچییەک ئەکا بە دڵێکی ڕوون و بڕوایەکی خاوێنەوەیە.

شەفەق، ژمارە ١٢، ساڵی ١٩٦٠

## زەوییە ئاوێنە...

دێیەکە لە شوێنێکی بەردەڵانی و ڕەقابوو لەناو دۆڵی چیاکەدا. ئەو چیایەی ساڵ نەبوو لە زستانا پێچە کڵۆی بەفر بە ئارایەکی سپی گشتی دانەپۆشێت و شەست و ڕەهێڵەی باران گرد و قەدپاڵەکانی ڕێ ڕێ و گروێ نەکات هەرکە بەفرێکیش بباریایە زۆربەی ئاژەڵی کێوی لە کەروێشک و مامز و مەڕ و باڵندە و لە کەو و کۆتر و ڕیشۆڵە هەموو بەجارێک لانەیان لێ تێک ئەچوو بۆیە بەزۆری خۆیان ئەکرد بەناو دێدا، بەمە ڕێی دووری ڕاوکەران نزیک ئەبووەوە، جا ئەوسا ڕۆژ ڕۆژی ئەو ڕاوکەرە بوو بە تانجییەکی چەشی خێرای هەبێت یا تفەنگێکی ڕاو یاخود ساچمەزەنێکی خۆیی بێت نێچری پێ گل باتەوە، ئیتر ئەو چەند ڕۆژە زۆربەی دانیشتوانی دێیەکە مڕ ئەبوون لە گۆشت بەڵام ئەبێ هەرگیز ئەوەش لە بیر نەکەین کە خەڵکەکە لەم چەند ڕۆژە بەدواوە ئیتر ببڕای ببڕ چاویان بە گۆشت نەئەکەوتەوە تا زستانێکی تر تەنها جەژنا و جەژن و چەند جارێکی کەی تری لێ دەرچێت کە بەپەنجەی دەست ئەژمێررێ وە لە لایەکی کەشەوە ئەو میوە و بەری دارانەی لە باخ و باخاتی ئەو دێیەدا هەڵئەکەوێ بەڕاستی تاک بوون لەو ناوچەیەدا جارێ جۆر نەبوو لە ترێ هەر لە سەر قولە و دۆشاوی و سادانیەوە تا ئەگاتە ڕەشکە و بزمار کوت و کشمیشی و پایزە لەو ناوەدا نەیەتە بەرهەم جگە لە هەرمێ و هەنجیر و هەنار و سێو، سا خەڵکەکەش لەم میوە باشانە لە هاوینا چەندیان بۆ بگەیانرایە شار بە وڵاخ و لەناو تاسەویا ئەیانبرد لەوێ ئەیانفرۆشت، بەپارەکەی کون و کەلەبەری خۆیان چی بوایە نیوە و ناچڵ پێیان ئەگرت، ئەوەی بۆشیان نەبرایەتە شار. ئەیانبرد بۆ دەشت بەدێهاتەکانی ئەو ناوەدا ئەگەڕان سەر بەسەر یا یەک بەدوو ئەیان

گۆڕییەوە بە دەغڵ لە گەنم و جۆ و لە ساڵی نەهاتا گەنمەشامی و زورات، ئەو میوەهاتەی دوای ئەم تاووتووەش ئەمایەوە بە کاریان ئەهێنا بۆ خواردنی خۆیان یاخود لە ترێیەکە دۆشاو و باسوق و سنجوق و مێوژ و لە هەنجیرەکە پەپکە و لە هەرمێیەکە لەتکەیان دروست ئەکرد و هەڵیان ئەگرت بۆ خواردنی زستان. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجی گشت کەسێکی ڕائەکێشا ئەوە بوو کە کەس لەو هەژارانە دەستیان درێژ نەئەکرد بۆ بنەدارێک یا دەوەنێکی چیاکە کە بیبڕن یا خەڵووزی لێ دروست بکەن بۆ فرۆشتن وەک دێهاتەکانی دراوسێیان، ئەمەش زۆری بەهۆی ئامۆژگاری و ڕێنەدانی کوێخای دێیەکەوە بوو کە بەڕاستی گەنجێکی بەفەڕ و هۆشیار بوو جڵەوی خەڵکەکەی گرتبوو لە شوێنی خۆیا توندی ئەکردەوە هەر ئەویش بوو هەموویانی کۆ کردبووەوە و لە یەکی نزیک خستبوونەوە و یەکێتییەکی پێ پەیدا کردبوون بەرامبەر بە دوشمنی ئەودیویان عەلی ئاغای دراوسێیان کە هەرجارێک هەلی بۆ هەڵکەوتایە وەک دڕندە پەلاماری ئەدان بە خۆی و دەستە پیاوە چەکدارەکانییەوە کە درێغییان نەئەکرد لە ڕووتکردنەوەی تەنانەت هیچ ترێ فرۆشێک تاکو کیسەی تووتن و قوتووە جگەرەکەشیان لێ ئەسەند، خۆ ئەگەر شوان یا ئاژەڵێکیان بچوایە بە سنووریانا شوانەکەیان داماڵا غاسی ئەکرد لە کەپەنک و فەرەنجی وە کورتەک و شەرواڵەکەی وەک گەلەگورگیش پەلاماری گیسکە نێر و کاوڕ و خرت و بەرانیان ئەدا و هەر لەوێدا سەریان ئەبڕین وە لاکەکانیان ئەدا بەشانیانا بۆ ئاغایان، ئەوسا لە دیوەخانی ئاغادا نەبوو بە شلپە، شەو تا بەیانی گۆشت ئەکرا بە شیش وە زمەی تفەنگ و شوڵەدارەوە و ئەبرژاو گۆرانی ئەوترا لە قەتار و لاوک وە خاوکەر وە ئەڵڵا وەیسی و ئای ئای، ئاغاش کڵاوەکەی لێ ئەنا بە نووکی سەرە وە قۆچی تاشەکەیەوەوە دەمانچەکەی ڕووت بە قەد پشتێنەکەیەوە دەسی بە سمێڵە ڕەشە بۆیەکراوەکەیا ئەهێنا و قسەی زل زلی، کردووە تەگەبیری ڕەشی دۆزەخی لە دەر و دراوسێ هەژارەکانی ئەکردەوە کە چۆن ئەبێ سەریان پێ شۆڕ کات و موڵکانەیان لێ بسێنێ، ئەی چۆن گوایا زەوی خۆی نییە؟ وە سەنەدی تاپۆی (غەنی ئەفەندی) بە دەستەوە نییە؟ کە ئەم شاخ و ئەو شاخ بۆی داوەتە بەر، ئیتر چۆن ئەبێ خوێڕی وە ڕەش و ڕووت بێن لە سنووری ئەوا گوند ئاوا بکەنەوە و ئەم بە هیچ نەزانن؟ حەمە ڕەشیدی مەحموود گوخل یەکێک بوو لە دانیشتوانی ئەو دێیەی عەلی ئاغا لیسی تێ کوتابوون، لە ڕاستیا ڕەشە کابرایەکی تا بڵێی هەژار و دەستکورت بوو چونکە ئیشکەری نەبوو لە خۆی زیاتر، دوو کوڕ و سێ کچی هەبوو لەبەر وردی هیچیان توانای ئیشیان نەبوو، ژنەکەشی لەبەر فرمانی ناو ماڵ و خزمەتی ئەو منداڵانەی نەیئەتوانی یارمەتیی مێردەکەی بدا، ڕەشە خۆشی زەلامێکی سەقەت بوو لە دەستی چەپیا کە لەوەوبەر لە کاتی ڕەز چاکردن و کۆتەرە دەرهێنانا تەورداسێکی بەرکەوتبوو، ئەو پارچە ڕەزە بچکۆڵەیەی کە بە چیاکەی پشت ماڵەکانی، دێیەکەوە بوو حەمە ڕەشید خۆی و منداڵەکانی زۆرتر بەروبوومی ئەو ڕەز و بە شیر و دۆی ئەو چوار سەر مەڕەی هەیان بوو بە ڕێوە ئەچوون، بەڵام لەم دوو سێ ساڵی دواییەدا هەر بە تەنیشت ڕەزەکەی خۆیەوە شەش حەوت ڕۆژە جووتێک زەویی پاوان هەبوو کە ماڵی کەس نەبوو،

ڕەشـە خـۆی خـەریک کـردبوو بە قـەدەغـەکردن و خـۆشکـردنیـەوە تاکو، وای لێ بکات کـە بە کـەڵکی چاندن بێت چونکە بسـتێ زەوی شک نەئەبرد بۆیە، نزیکەی سێ سـاڵ هـەر ڕۆژێـک خـۆش بـوایە ڕەشـە هـەر بەیانی زوو هێشـتـا تاریک بوو واتا پیاو دۆست و دوژمنـی خۆی لەیەک جیا نەئەکردەوە لە مـاڵ بۆی دەرئـەچوو پاچ و پیک و خـاکـەناز بـەسـەر شـانی ڕاسـتیـەوە ملی کـەژەکـەی ئەگـرت بەرەوژوور ئەبووە بە تاقە باڵێکەوە دەستی ئەکرد بە بەرد و بنەکوتەرە دەرهێنان و بژاری زەوییەکە، بە چەند هـەفتـەیەک تـا بەردەکانی دەرئەهێنا لە شـوێنێکەوە کۆمـەڵی ئەکردن و خـڕی هـەڵئـەدان بە چەند هـەفتـەیـەکیش لەو شـوێنەی ئەوسایە دووری ئەخـستـەوە بۆ شـوێنێکی تر کە بـەردهاوێژێکی خـۆی دوور بێت لە جـێگاکـەی پێـشـووی وە بـە یەک دوو مـانگێکی تریش تا بە تـەواوەتی دووری ئەخستـەوە ئا بەم جۆرە بیست سی کۆمـەڵە بەردی لێ فڕێ دا وە کێـڵای وە ڕێکی خست و چاڵ و چۆڵی پڕ کردەوە تـا وای لێ کـرد دەست بدا بۆ چاندن. ڕۆژێک لە ڕۆژەکـانی پایز حـەمـە ڕەشـیـد سـەرلەبـەیانی زوو بۆی هـەڵسـا ئەو پێنج شـەش تـەنەکـە گـەنمەی کـە بە هـەزار ئەمـلا و ڕەنج و کوێرەوەی پەیدای کردبوو، کردییە تێرڕێکەوە وە دەرگەکەی تونگ دووری و نای لە پشتی کەرە شەل و لێی خـوڕی بەرەو زەویەکـەی (زەوییـە ئاوێنەکە بەخۆی و ژنەکـەی ناویان لێ نابوو) لەوێ باری لە پشت کـەرە شـەل داگـرت و بـە هـەمـوو ئارەزوو و هـەوەسـێکەوە دەسـتی کـرد بەتۆو وەشـاندن بەوەردەکەدا، ئارەزووی ڕەنجبـەرێکی خـاوەن زەوی کە لەوەپێش لـە هـەمـوو جیـهـاندا بسـتێکی لێ گومان نەبردبێ، چونکە دیتە هـەر خـۆشی و تەنها باڵ بۆ نزیکەی لای عـەسر ئـەوسا لە وەشـاندنی گشت تۆوەکـە بـووەوە، ئنجا هێجگار بە کـەیف و خـۆشیـیەوە هـەرچەندە زۆریش مـاندوو بوو هـاتە ئەمـلاوە هـەندێ پووش و پەڵاشی کۆ کـردەوە و ئاگرێکی خـۆشی لێ کردەوە و کـتریە کـەڕوواوییـە ڕەشـەکـەی دەرهێنا و لە جـەوەنەکـەی کـە پێـی بوو پڕی کـرد لە ئاو و خـسـتـیـە لای ئاگرەکـەوە کە چایەک لێ بنێ وە نانە ڕەقـەکی ناو پشتێنـەکەیەوە بیخـوات چونکە تا ئـەو کاتە نـانخواردنی لە بیر چوو بووەوە ئنجـا کیسە و بەرمـاخـەکەی لێ دەرهێنا جگەرەیـەکی تێ کرد دوو سێ نەفـەسی باشی لێ دا و لـەوەدا بوو چایەک تێکا کـاتێکی زانی پێنج بۆرە زەلامی دەمـاخ هـەڵدڕاوی پڕ چەک وە هـەمـوو ئاودامـان لە فـیشـەکلغی دەمـانچـە و تفـەنگدا و خـەنجـەر بەپشـتـیانەوە، گـورەوی ڕەشی پووزەوانەیـان لێ هەڵکردبوو یەکـێـکیـان لە ڕێوە ڕووی کـردە کـەرە شـەل کـە لەو نـاوەدا ئەلەوەڕا، هـەڵبـەت بە تاوانبـارێکی دابووە قەڵەم دایە بەر خەنجـەر، وازی لێ نەهێنا تا ورگ و ڕیخـۆڵەی ڕادا، یەکێکی تریان تا توانی شەقێکی لە کترییە چا و پیاڵە هەڵدا کەس نەیزانی بۆ کوێی پەڕاندن ئنجا هەمـوو بەشـەقـەوە چوون بۆ ڕەشـە چۆی، نە شـەقێک نە دووان، هـەرچەند تێشـیـان هەڵئـەدا دەنگی دڵی ئەهات، کابرا هیچ پشوویەکی پێ نەدرا تاکو نەختێک بیر لەم کارەساتە بکاتەوە بزانێ ئەمانە چین و کێن و بۆچی و لەسـەر چی وا ئەکـەن؟ دوا شـەق درا بە کـورتەکـەلەکەیا لەگەڵ ئاهێکا بێ هۆش کەوت، ئنجـا زەلامەکان کشانە دواوە و بەو جووت و گایەی لەگەڵ خۆیان دەستیان کرد بە هـەڵگێـڕانەوەی زەوییـە ئاوێنە و سـەرلەنوێ بەجووت تۆوێکی باشـیـان کـردەوە و دوای هـەندێکی تر

سەرو گوێلاک کوتانەوەی ڕەشەی لە هۆش خۆ چوو زۆریش و لەچاو وون بوون.

ڕۆژگار هات و ڕۆی، گڕی بە تین و بنیاتنەری شۆڕش هەموو لایەکی گرتەوە، یاسای چاککردنی کشتوکاڵ دەرچوو، میری بڕیاری دا بە دابەشکردنی زەویوزار بەسەر جووتیار و تووجیندا. عەلی ئاغاش یەکێک بوو لەو دەرەبەگانەی کە زەوییە زۆرەکانی دابەش کرا ئەو زەوییانەی کە بە زۆر و تێ هەڵدان و پیاو کوشتن داگیری کردبوو، ئەو زەوییانەی گشت دابەش کران بەسەر خاوەنەکانی بەڕوویانا و بەسەر لادێیەکانی تر و هەر کەسەیان سەرلەنوێ بوونەوە بە خاوەن زەویوزاری خۆیان، خوێنمژین و تێهەڵدان و چەوساندنەوە و پیاو کوشتن نەما، ئالای ئازادی شەکەی ئەهات، ڕەشەش لەژێریا ئەهات و ئەچوو و هاواری ئەکرد زەوییەکەی خۆمم ئەوێتەوە، زەوییەکەی خۆمم بەنەوە، باڵێکم لەو ڕێدا داناوە، دەسا ژیانیشمی لە ڕێدا دائەنێم.

ژین ژمارە (١٤٤٨) لە ژێرسەرناوی

زەوییەکەی خۆمم ئەوێتەوە

## مشتومڕێک

– ئەوە چییە پێت؟

– کارتەکەمە

– شێری یا ڕێوی؟

– فەرموو سەیری کە

– ئافەرم

– ئەو سەعاتەشیان خەڵات کردووم

– منیش کەوتە سەرم.. وانا؟

– بەڵێ.. چیرۆکی کورت.. دوێنێ دەرچووە

– سەعییەکەت لە کیس ئەچێت

– خۆ ئەبێ بایەکی باڵم بدەم

– جا بەوانە؟

– بەڵێ.. بۆ زاخاوی مێشک

– لە جیاتیی ئەوە.. چەند پەڕە دەخوێنیتەوە...؟

– پێویستم بە حەسانەوە هەیە.

– ئەوی تر چییە بە دەستەوە؟

– چیرۆکی درێژە

– وەختە بڵێم لێت دەترسم
– لە چی؟
– خوو بدەیتە ئەم شتە قۆڕانە
– کارتەکەت نەدی
– دەرسەکانت بخەیتە پشت گوێ
– گوایە چاک و خراپی خۆم جیا ناکەمەوە؟
– چیرۆک خوێندنەوە... کورت... درێژ... شانۆیی...
– ساڵێکی تر دەچمە زانکۆ، منداڵ نیم.
– چەنە بە چەنەم لەگەڵ مەکە.
– ببوورە.. وەڵامی پرسیارەکەتم دایەوە.
– لە خۆت بایی بوویت... تف... تف.
– سوپاس... خەڵاتی چاک بوو.
– چاوت دەردەهێنم.
– ماندوویەتیمت حەسانەوە.
– وا پێم وتیت.
– لە نەوەد کەمترم نییە.
– من ئەمانە نازانم.
– ئەتەوێ چی بکەم؟
– سەعی.. من بۆ خۆتمە
– تفەکانت بووژانمیانەوە
– دەستت پێ کردەوە..؟

کچە بە دەم قوڵپی گریانەوە ژوورەکەی بەجێ هێشت. دایکی کە بەو جۆرە دی بە پرتاو خۆی کرد بەژوورا

– دیسانەوە بەزمەکەیە
– کچی من نییە
– ئەمیش سەرکوێر مەکە
– ئەوەندە دەنووکم تیژە؟
– ورنگە ورنگ کەریت
– چیرۆکی کورت فریای ئەکەوێ... وا نییە؟
– ئەویش پێویستە.

- بۆچی؟
- لە دنیا بگات
- ئەی سەعییەکەی؟
- نابێ پشوویەک بدا؟
- کچی گەورەمم خۆش ئەوێ
- بۆیە هەنگاوێک بە دوو ساڵ ئەنێ
- قوڕت کرد بە سەریا
- ئەمیشیان تۆ هارت کرد
- چونکە نەمهێشت سەرکوێری کەیت
- بۆیە زۆرمان لێ ئەترسێ
- ئەوپەڕی ڕێزمان دەگرێ
- زمانی بستێک درێژە
- لەسەر حەق
- تۆ فێری دەکەیت
- ئەم قسانە لەگەڵ تۆ ئەکەم بەس.
- کەس بە هیچم نازانێ
- خۆت وا تێ دەگەیت
- ئەبێ هەموو لەبەرما بلەرزن
- زۆر دووریت
- نایەڵم بچێتە قوتابخانە
- ئەمەیە خەڵاتەکەت؟
- ببێ بە شتێک بڵێ باوکم بەخێو دەکەم؟
- شانازییە بۆ تۆ
- من پیاوم. بەزەبرم
- لە خوا بەزیاد بێت
- چۆن کچ ناوم لەکەدار بکات؟
- دووربین بە
- لە من ژیرتر نییە
- دە بیانلاوێنە
- خۆشیان ناوێم

- ڕۆحیان بەسەر سەرتەوە دەرئەچێت
- وا دیار نییە
- دڵت کرمێ مەکە
- دە بانگیان کە.

پەروەردە و زانست، ژمارە ٢ ساڵی ١

## ڕۆژێکی قوتابخانە

جانتاکەی دەستی زیاتر لە ورگی ژنێکی سکپڕی ئەکرد ئەوەندەی قەڵەم و دەفتەر و کتێبی قوتابخانە تێ ئاخنیبوو تەقەڵەکانی هەموو خاو بووبوونەوە و لە پچڕاندنا بوون، قفڵەکەشی سوا بوو. بگرە دان لە دەمیا نەمابوو، بۆیە خۆش خۆش ئەکرایەوە و هەر جارە شتێک ئەکەوتە خوارەوە.

ئەو بەیانییە لەگەڵ هاوەڵەکانیا ملی ڕێگەی قوتابخانەی گرتبووە بەر، باران نمەنمە ئەباری و کزەیەکی هێجگار ساردیشی ئەهات بەجۆرێک دەم و لووتی شین بووبووەوە و ڕوومەتەکانیشی خوێنیان تێ زابوون و ئاڵ هەڵگەڕابوون، بەڵام ئەو دەربەستی سەرماوسۆڵە نەئەهات چونکە پێی ڕاهاتبوو بگرە بووبوون بە ئاشنای یەکتر، ئەو هەر هەوڵی ئەوەی بوو کە خۆی بگەیەنێتە ناو کۆڕی هاوڕێکانییەوە کە لە ڕۆیشتنا لە ناوەڕاستیانا بێت، بۆیە هەمیشە گوڕی ئەدایە خۆی یاخود خۆی کێش ئەکرد، کە بەوە زیاتر ماندوو ئەبوو. ئارەقی ڕەش و شینی دەرئەدا، بەڵام بێ سوود بوو. جارجار هەر دوا ئەکەوت و پیایانا نەئەگەیشت.

بە کورتی لە ڕۆیشتنا زیاتر لە دزێکی ئەکرد کە بیەوێ خۆی بشارێتەوە و حەشار بدا تاکو کەس نەبینێ. ئەمەش سەری لێ تێک دابوو.

جارێک لەمالاوە و کاتێک لەولاوە هێرشی ئەبردە ناویانەوە، چاوی لەبەر پێی نەبوو تا لە پڕێکا قاچی لە بەردێک هەڵنوت کە لەو ناوەدا کەوتبوو، بەوە سەرسمێکی دا و خۆی بۆ نەگیرایەوە بە دەما کەوت لەگەڵ کەوتنا جانتاکەشی لە دەست پەڕی، ئیتر کەس نەیزانی ئەو تاقمە منداڵە لە کوێوە دەرپەڕین کە هەموو دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و هوها کێشان لێی، دەنگیان لێ بەرز کردەوە (شەلەکە بەباری جەوتەوە، هەر هەڵئەستا و ئەکەوتەوە)، هەندێکیان بەمەش وازیان نەهێنا چوون پەلاماری جانتاکەیان دا، ئەمیش کە ئەوەی دی، تا توانی هێزی دایەوە خۆی، هەرچەندە بەری دەستی و ئەژنۆشی ڕووشابوون لەگەڵ ئەوەشا بەگریانەوە شالاوی بۆ بردن، هەر چۆنێک بوو جانتاکەی لە دەست ڕاپسکانن بەڵام لەم بگرە و بەردەیەدا جانتا لایەکی بە تەواوەتی هەڵتلیشا، دەفتەر و کتێب کەوتنە خوارەوە و هەموو تەڕ بوون و جلەکانی لە پێشەوە هەموو قوڕاوی بوون. سا بە هەر کولەمەرگییەک بوو دەستەسڕەکەی دۆزییەوە دەری هێنا، ئەوی بۆی کرا بە پەلەپەل پاکی کردنەوە و باقیی کتێب و دەفتەرەکانی هەر بەو قوڕ و ئاوەوە هاوێشتەوە ناو جانتاکەی جانتای

نووسـان بە سـینگیـەوە، بە هـەردوو دەسـتـیش ئەمـلا و لای گرت، ئەمـجـاریش گوڕی دایەوە خـۆی بەڕاکردن دوای هاوڕێکانی کەوتەوە، بەڵام ئەوان هەموو بەجێیان هێشتبووە تەنها (ژیان) نەبێت کە لەولاوە لەگەڵ منالە وردەکەدا وەک شارە زەردەواڵە لێیان ورووژابوون، کەوتبووە شـەڕەشـەق و شالاو بردنەوە تاکو لە (شیلان)یان دوور خاتەوە. جا ژیان چونکە کچێکی بەخـووە و دڕ بوو خـۆی لە چنگیان ڕزگار کرد و بە ڕاکردن دوای هاوڕێکەی کەوتەوە تا پێی گەیشتەوە، دوای ئەوەش هەر بەڕاکردن بۆی دەرچوون، لە پڕ ژیان ئاوڕی دایەوە بەلادا سەیری کرد دوکانێک لەو ناوەدایە. لای دا و هاوڕێکەی بە دوایا هەردووکیان خۆیان کرد بە دوکانەکەدا، منالی چوختیش هەر بە شوێنیانەوە. مامەی دوکاندار کە هێرشی منالە وردکەی بەو جۆرە دی بۆ سەر دوکانەکەی لە سەرەتادا نەیزانی چییە، لە پێشەوە لە کچەکانی پرسی ئنجا لە کۆمەڵی منال، لە دواییدا کە تێ گەیشت دووانەکە لە ترسا و بۆ ڕزگارکردنی گیانیان و منالیش بە دوای ئەوانا وا بەر دوکانەکەیان پێ گرتووە، گەلێک بە قسەی خۆش بەسەر منالەکانا هات بێ سوود بوو هەر ئەیانوت ئەبێ شەلەمان بۆ بکەیتە دەرەوە سەیری لەنجەولاری بکەین، کە سەیری کرد ئەوەندە قیرسیچمە و بێ چاوەڕوون ئەو شیشی ئاسنەی کە دەڕابەی دوکانەکەی پێ دائەدایەوە، لێی هەڵگرتن بۆیان چوو، منال هەندێکیان لە ترسا ڕایان کـرد و هەندێکی تریان لە دوورەوە لێی هەڵگەڕانەوە و دەسـتـیـان کـرد بـە بەردبارانی دوکانەکەی، هەرچی شووشە و جامخانەی تیا بوو هەموویان هێنایە خوارەوە، ئنجا ئەوانیش ڕایان کرد هەریەکە بە لایەکدا بە تایبەتی دوای ئەو کەتنە، ئیتر کەسیان نەهاتنەوە بەو ناوەدا.

مامەی دوکاندار بە هەنسکەبڕکێ و دوعاکردن لێیان گەڕایەوە دواوە بۆ دوکانەکەی خۆی ڕەنگی سپی بووبوو لە ڕقا چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری، هەموو گیانی لە تاوا ئەلەرزی. کە هاتەوە بەسەر کچەکانا سەیری کرد شیلان ئەگری فرمێسک یەک هەنسک هەزار، ژیانیش بەردێک بەر ناوچەوانی کەوتووە قرنجانوویەتی ئەوەندەی تر ئاگری گرت، هەر بە دەم لەعنەت ناردنەوە چوو بە لای کچەکانەوە ئەملا و لای ماچکردن و گەلێک دەستی بە سەریانا هێنا، لەو کاتەدا شیلان دەستەسرە قوڕاوییەکەی دەرهێنا بوو خوێنەکەی ناوچەوانی ژیانی ئەسڕی، ئنجا مامەی دوکاندار بە پەڕۆیەک ناوچەوانی کچەی بەست تا خوێنەکەی گیرسایەوە کە هەردووکیان لە قوڵپی گریانیشا بوون نەیهێشت بڕۆن تا بە تەواوەتی ژیری کردنەوە و گەلێک دڵخۆشیی دانەوە و یەکی پەرداخێک ئاوی دانێ و سەرو مست قەزوانی سوێریشی کردە گیرفانیانەوە، ئەوسا خۆی هەڵسا لەگەڵیانا هاتە دەرەوە پێش خۆی دان تا گەیاندنییە قوتابخانە کە نزیکی دوکانەکەی بوو کردنیە ئەودیو دەرگەکەوە ئەوسا خۆی گەڕایەوە.

لە قوتابخانە کە ژیانیان بەسەری سپییەوە دی کچەکان لێی گرد بوونەوە، شیلانیش یەکسەر ڕووی کردە شوێن مەرکانە و ئاوەکە تاکو جلە قوڕاوییەکانی پاک بکاتەوە و بیانپروێنێ، خەریکی ئەوە بوو، ئاگای لە خۆی بڕابوو، لە دواییدا کە سەری هەڵبڕی سەیری کرد کچەکان کەسیان لە حەوشەدا نەماون، بەوە دیسانەوە ئەوەندەی تر شڵەژایەوە ئیتر وازی لە قوڕپروانن هێنا هەستا

جانتا شرەی هەڵگرتەوە و ملی نا بۆ ناوەوە، کە گەیشتە بەر دەرگەی ژوورەکەی خۆیان بینی کچەکان هەموو لە ژوورەوەن دەرگەکەشیان پێوە داوە، غەڵبەغەڵب و، هەرایان بوو، ئەویش وەک دز دەرگەکەی تۆزە تۆزە کردەوە ئنجا لە پڕ خۆی کرد بەژوورا، ملی نا بەرەو شوێنەکەی خۆی، کچەکان کە بەو جۆرە بینییان کە هەموو گیانی تەڕ و لە قوڕ هەڵکێشرا بوو، جانتاکەشی وا هەڵتلیشاوە هەموو دەستیان کرد بە تریق و هۆڕی پێکەنین پێی، هەندێکیشیان بەوەوە نەوەستان دەستیان ڕائەکێشا بۆ جانتاکەی و جلەکانی، کچەش وەک کەوی چوو سەری دانەواندبوو بەدەم هەنسکەوە ئاوڕی لە کەسیان نەدایەوە بە پەلەپەل خۆی گەیاندە کورسییەکەی خۆی وە لەسەری دانیشت و هەر هەنسکیشی ئەدا، ئەو ئەگریا و ئەوان پێی پێ ئەکەنین، تا ژیانی هاوڕێی لێیان ڕاست بووەوە دەستی کرد بە سەرزەنشتکردنیان و قسە پێ وتنیان ئنجا مامۆستا خۆی کرد بە ژوورا ئەوسا کشومات کەس قرەی لێوە نەهات، شیلانیش چاوی سڕی و گوێی ڕاهێشت بۆ دەرس وتنەوەی مامۆستا.

وەنەبێ ئەمە یەکەم جار بێت کە شیلان تووشی ئەم بەزمە هاتبێ لەگەڵ منداڵە وردکە و هاوڕێکانی قوتابخانەیا، لەوە پێشتریش ئەمەی بەرەنگار بووبوو، ئەویش ناچار هەمووی ئەپەچنییە دڵیەوە، جار جار بە گریان دەری ئەبڕی، جار جاریش گلەیی ئەکرد لە دڵی خۆیا و ئەیوت خوا گیان بۆچی وات لە من کرد کە ئەمانە وام لێ بکەن. ئنجا ئەیوت: یا ڕەبی خوایە لێت بەزیاد بێت. جگە لەمانە دیتە خۆی زیرەک و وریا بوو هەموو هێزێکی دابووە سەر کۆشش و سەعیکردن لە دەرسەکانیا، لە (پۆل)ەکەی خۆیا تەنها ژیانی هاوڕێی بوو کە لە پێشیەوە بوو، ئیتر کەس نەیئەگەیشتێ، ئەو ڕۆژەش لە قوتابخانە ئەنجامی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ بڵاو ئەکرایەوە قوتابییەکان هەموو لە داڵانەکەدا ڕێز کرابوون، لەوەدا شیلان بەیەکەم دەرچوو. بەڕێوەبەر کە لەوە پێش ژیانی بەسەری سپییەوە دیبوو تێ گەیشتبوو کە چییان بەسەر هاتووە، شیلانی بانگ کردە ناوەڕاستی داڵانەکە، لە پێشا پیرۆزبایی یەکەمییەکەی لێ کرد و ئەملا و لای ماچ کرد ئنجا لە بەرچاوی هاوڕێکانی گەلێک ستایشی خوو و ڕەوشتی جوان و کۆششی کرد لە دەرسەکانیا، لە هەمان کاتا ناردبووی جانتایەکی چەرمیی تۆکمەشیان بۆ کڕیبوو ئەویش بەناوی (جائزە)ی یەکەمییەوە پێشکەشی کرد لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ مامۆستاکانی تردا ڕێکیان خست لە وانەی کە ئۆتۆمۆبێلیان هەیە بەگوێرەی توانا هەر جارە یەکێکیان لەگەڵ خۆیا بیهێنن بۆ قوتابخانە و بیبەنەوە، تا ساڵ تەواو ئەکات و لە پۆلی سێی ناوەندی دەرئەچێ پێش بڵاوبوونەوەیان هەموو چەپڵەیەکی گەرمیان بۆ لێ دا و ژیانیش بە پڕتاو چوو پەلاماری دا و تەوقەی لەگەڵ کرد و ئەملا و لای ماچ کرد و ئەویش پیرۆزبایی لێ کرد و پێکەوە بە ئۆتۆمۆبێل گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

گۆڤاری سلێمانی

ژمارە (٢) ساڵی (٢) ١٩٦٩

## سەری نەتاشراو !

– ئەزانی لە کەیەکەوە دانیشتووم؟
– دان بە خۆتا بگرە.
– هەر کەس هات ڕاییت کرد.
– سەرەی ئێوەش دێت.
– زوو پێت بوتمایە، چاوەڕێم نەدەکرد.
– مل شکاندن تۆڵەی پەلەکەرە.
– با نۆش لەسەر دەی بێت.
– هەر ئەم سەرەم ماوە.
– دووسبەی جەژنە
– بە تۆ چی...؟
– بچم شتێک پەیدا کەم.
– بڕۆ بەلای ئیشتەوە... منداڵەکان بەجێ بهێڵە.
– خۆم لێرەم وایە... بڕۆم چۆن ئەبێت.
– خوا هەزار قاپیی لایە.
– فەرموو جگەرەیەک بکێشە.
– نا دەست خۆش... جگەرە ناکێشم.
– ڕادیۆ ئەڵێ چی؟
– باسی جەژن ئەکات
– کردیان
– نەخێر.. هێشتا.
– پشت بە خوا نایکەن.
– بۆچی..؟
– پارەیەک پەیدا کەم.. شتێک بکڕم.
– پارەت پێ نییە؟
– هیچ حەقم خواردووی؟
– کەس ناتوانێ حەقی من بخوات.
– بە قەرز بۆت تاشیوم؟
– ئەم ئیشە قەرز و قۆڵە هەڵناگرێ.

- ها ئەوە پارە لە پێشەوە...

وەستای سەرتاش لە ئاوێنەکەدا چاوی لێ بوو، ئۆتۆمۆبێلێکی درێژی نوێ ئەتوت بووکە وەک ڕەشی مار کشاو ڕاستەوخۆ هات لە بەردەمی سەرتاشخانەکەیا خشەی وەستانی هات

- ئا رۆڵە بزانە کێی تیایە

- .. وەستام نایناسم.

- ڕاکە دەرگای ئۆتۆمۆبێلەکەیان بۆ بکەرەوە.

- وا دابەزین

- قاپییەکەی خۆمانیان بۆ بکەرەوە

- وا هاتنە ژوورەوە.

- فەرموون.. فەرموون.. بەخێربێن سەرچاو.

- خۆش بیت.

- بچکۆل بەخێربێیت سەرچاوی مامت.. ماشەڵڵا

- کەسمان لە پێشەوەیە؟

- نەخێر.

- ئەی ئەوانەی دانیشتوون؟

- شاگردەکەم بۆیان ئەتاشێ.. با بێت بچکۆل

- هەستە کوڕم دەی...

- ئا دەی ڕۆڵە... ساردییەک بۆ بەگ.

- خۆت ناخۆیتەوە؟

- بە خۆشیی ئەمانەوە.. با .

- ئەمجاریش خۆش هاتن... گەورەتان کردین.

- سوپاس.

- خۆ جێگاکەتان ناڕەحەت نییە؟

- باشە... ئەگەر نەختێک دەست وبردت بکردایە.

- جگەرەکێشێک نابات... وا دیارە درەنگتانە.

- ئۆتۆمۆبێلەکەم ئەبەم بۆ شتن و چەورکردن.

- ئامادەی ئەکەن بۆ جەژن؟

- ئەچمە دەرەوە.. تاقەتی دەست و مۆچی ناو شارم نییە.

- شۆفێرتان نییە؟

- خوا نەکات شۆفێر ڕابگرم.

– شۆفێر ڕابگرم.. مانگانەی بدەمێ.. ئۆتۆمۆبیلەکەم بۆ بشکێنێ و دزیشم لێ بکات
– شتێکی ناخۆشە.
– شۆفێرم هەر ڕانەگرتووە ..
– حەقتانە

پیاوەکەی لەگەڵ مناڵەکانیا چاوەڕێ بوون سەرە بێتە سەریان چاویلکە ڕەشەکەی لە چاوی داکەند و لە بەگ هاتە پێشەوە:

– ئەی من لای کێ بووم؟
– ئەمە کێیە وەستا؟
– نامناسیتەوە؟
– ڕۆژی هەزار کەس دێنە لام.. چوزانم..
– شۆفێرەکەی پێرارتم
– هی من؟
– پارەی چوار مانگیشت لێ خواردم
– بۆ گەرم پێ ناکەیت؟
– خستتە بریتی فەرشە بچکۆلەکەی ناو ئۆتۆمۆبیلەکە.
– ئەی تۆ نەتدزی؟
– جەنابت هەر شۆفێرت ڕانەگرتووە!!
– هەر واشە... من ناتناسم
– فەرشەکەشت دا بە ژنە دۆستەکەت لەو دیوتانەوە.
– نۆبەی دەر و دراوسێیە؟
– ئەرێ خوام کرد بە گژتا... مەعمیلەکانم بۆ لێ ئەتەکێنیتەوە؟
– تەیری گوڵ عاشق بە داری زەقنەبووتە.
– یەخەمان بەردە
– نەهاتووم بۆ سواڵ.
– منیش نەمناردووە بە شوێنتا.
– یەکتری ئەبینینەوە!!
– هەڕەشەم لێ ئەکەیت؟
– نەء... مەعمیلی نوێت پیرۆز... هەستن ڕۆڵە...
– ... با بڕوات ملی بشکێ.
– هەر شوێنەکەیان پیس کرد.

– خەریک بوو بەزۆر خۆی بسەپێنێ بەسەر جەنابتانا.

– خۆ ئاگات لێ بوو.

– قوربان.. خۆت تەراش ناکەیت؟

– نەخێر سوپاس

– چۆن سەرێکم بۆ بچکۆل تاشیوە؟

– دەست خۆش.. ئای ئەوە هەر ئەو پەنجاییەم وردە پێیە ئێستا بە شۆفێرەکەما باقییەکەی و جەژنانەشت بۆ ئەنێرم.

– فەرمووتان شۆفێرتان نییە.. وا دیارە کەمێک بیرتان خراپە.

– ژنەکەم لێ ئەخورێ.. مەبەسم ئەوە.

– ئەو ئەرکە بۆ ئەدەیتە بەر خانم.. چیت پێیە بۆت ورد کەمەوە.

– ها... بە ڕاستی هەر جزدانەکەشم هەڵنەگرتووە.. خواتان لەگەڵ..

ڕۆژی کوردستان ژمارە، (١)، حوزەیرانی ١٩٧١

## دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان.. دیمەنی ناوەوەی ڕووداوەکان

### خواردنی دوا ڕۆژی پرسە

دانیشتبووین و دانیشتنەکەمان لە کۆتاییدا بوو، سەیرم کرد مێزێکی دوور و درێژ بە (سینییە قۆزی) و (مریشکی ناخنراو لە برنج) و (سینییە کەباب) و (بەلەمە برنج) و (جۆرەها میوە) و (شیرینی لە پاقلاوە و برمە و کنافە) رازایەوە بە جۆرێک مێزەکە پڕ بووەوە. شوێنی قاپێکی تری لەسەر نەمایەوە هەرکە فەرموو لە دانیشتوان کرا. زۆری خەڵکەکە عوزرخواییان هێناوە هەریەک بە جۆرێک. لە دواییدا تاک تاک و جووت جووت بۆی دەرچوون ئەوەی مایەوە هەریەکە خۆی بە سێوێک یا پاقلاوەیەکەوە خەریک کرد و هاتە ئەملاوە. بەڵام چەند کەسێکیش خوا هەڵناگرێ. هەتا بن دەستیان لێ هەڵکرد ئەتوت خۆیان بۆ کرێکاری ئامادە ئەکەن، کوتە گۆشت و لاقە مریشکیان لوول ئەدا ئەتوت ئەیکەن بە گەرووی ئاشا.

بەڕاستی خەڵکەکە ئەوەندە نەبوون. واتا خواردنەکە بەشی فەوجێکی ئەکرد ئەگەر نەڵێم دوو فەوج – بەلێکدانەوەی من ئەوەی لەسەر ئەو مێزە بوو. دوای ئەوەی خەڵکەکەش هاتنە دواوە، ئەوەندە مایەوە هەر ئەتوت دەستی لێ نەدراوە، ئەو خواردن و هەیت و هووتە لەم ڕۆژەدا کە گرانییە و (حصار)ە، بایی سێ ملیۆن زیاتر ئەبوو چونکە نزیکەی پانزە (قۆزیی بەرخ) و پێنجسەد کەباب و شەش سینی پاقلاوە و ئەوەندەش برمە و کنافە دە دوانزە سینیی هەڵووژە و

ترێ و سێو و هەرمێ...

ئنجا حسابی تەعزێی ژنان بکە و بزانە لای ئەوان چی کراوە. چونکە خواردنی لای ئەوان نیوەڕۆ و ئێوارەیە بۆ خۆیی و عەینی مێزی پیاوانیش.

ڕۆژی (مەولوود) لای ئەوانیش ئەڕازێتەوە.

کاک سەردار هاتە لامەوە و لە منی ئەپرسی

ئەرێ توخوا پێم ناڵێیت ئەم هەموو پارەیە بەخۆڕایی بۆ چی و بۆ کێ خەرج ئەکەن؟ ئەوانەی دێنە سەرمێز لە ژن و لە پیاو هەموو خوا نەیبرێ خاوەن کۆشک و مرسیدس و ڕۆژێ نییە لەم خواردنە نەخۆن.

ئەم خواردنە یاخود پارەکەی ببرێتە شوێنێکی وەک (مرقدی گەیلانی) یاخود (کاظمیة) یا هەر شوێنێکی تر و بەسەر هەژارەکانی ئەو شوێنانەدا، دابەش بکرێ.. باشتر نییە؟

ئینجا من قسەکەم لە دەمی قۆستەوە وتم یاخود بدرێ بە کۆمەڵێکی خێرخواز (کۆمەڵێکی بڕوا پێکراو) کە دابەشی بکات لە شێوەی هەفتانە یا مانگانەدا یا بەو شێوەیەی خۆی بە باشی ئەزانێ.

ئەی هەزار ڕەحمەت لە باوکت و دەم خۆش..

کوڕە وەڵڵا ئەم کردەوانە هەمووی بۆ خۆ نواندن و خۆدەرخستنە و هیچی تر.

باشە پێم ناڵێی ئەم عادەتە لە چییەوە هاتووە؟

کاکی برا: وەختی خۆی کە دوا ڕۆژی پرسە تەواو ئەبوو خزم و دۆست و برادەر ئەچوونەوە ماڵەوە لای خاوەن مردوو. لەو دانیشتنەدا چا یا قاوەیەک ئەدرا بەو خەڵکە و هیچی تر. ئەمە وردە وردە پەرەی سەند تا گەیشتە ئەم ڕادە لە حەد بەدەرەی ئێستا.

هاوکاری ٢٨٣٢ ڕۆژی ١٤/١/ ١٩٩٧

## لەبەر خەتی ترافیکدا

گەڕێنەکەم لێ ئەخوڕی، وردە وردە نزیک (ترافیک) بوومەوە، بەردەمم بە سێ چوار ریز ئۆتۆمۆبێل گیرا بوو، ناچار لەسەر گێڕی یەک ئەڕۆیشتم یەکێک لە دواوە خێرا خێرا هۆڕنی بۆ لێ ئەدام..

ئاوڕم دایەوە، سەیر ئەکەم کابرایەکە بەدەست ئیشارەتم بۆ ئەکات ئەڵێ: بڕۆ بۆ ناڕۆی؟ منیش هەر بەدەست پێم وت: فەرموو تۆ وەرە دڕ بەم هەموو گەڕێنە بدە و پێش کەوە..

کە گەیشتمە لای گڵۆپی سەوز و سوور، سەیرم کرد ناسووتێ گیانی تیا نییە تومەز کارەبا بڕاوە خاوەن ئۆتەر کردوویانە بە هۆڕن لێدان و دەنگەدەنگ، پۆلیسی هاتوچۆ لەو ناوەدا نییە، ئۆتەرێک گوڕ ئەداتە خۆی دەرباز بێت شەش حەوتێکیش لە دواوەی لە پرێکا ئۆتەرێکی تر لەولاوە بەردەمیان لێ نەکرێ ئۆتەرێکی ئیش ناکات سێ چوارێ پاڵی پێوە ئەنێن تاکو دووری خەنەوە و

ڕێگا لە خەڵک ئەگرێت، لەولاوە لێشاوی ئۆتەری تری بۆ دێت ئەویش ڕائەوەستێ بەم جۆرە لەو شوێنەدا ڕەنگ هەیە نزیکەی سەد ئۆتەر مۆڵیان خواردبێ و هەر کەس ئەیەوێ بۆی دەرچێ و بێ ئەوەی گوێ بداتە بەرامبەرەکەی بەوە ڕێزەکەی تێک ئەدا و نە خۆی و نە ڕێی بە کەسی تری ئەدا دەرچێت. ئۆتۆمۆبێلیش تا ئەهات زیادی ئەکرد کابرای دوای منیشەوە هەر هۆڕنی بۆ من لێ ئەدا کە دەرچم، ئاخری دابەزیم و چوومە لایەوە لێم پرسی: بابە گیان: خۆ من باڵندە نیم بەسەر ئەم هەمووەدا بفڕم ئیتر تۆ چیت ئەوێ لە من؟ ئەیوت دەرچۆ چۆن جێ نییە؟ من بوومایە لە باتی تۆ دەمێک بوو خۆم رزگار کردبوو وتم: زۆر باشە دەوەرە جێگەکەی من و لە شەقەی باڵ بدە و دەرچۆ وتی ئاخر ڕێگام نییە، وتم: ئێ دەباشە ئاخر ئەوەیە مەسەلەکە. دە ئەوەندە نە خۆت و نە من سەغڵەت بکە بەجرت و فرت و هۆڕن لێدان.. لەوێوە ڕۆیشتم چووم بە چەند کەسێکم وت: بابە وەرن دابەزن باپێکەوە ئێمە ئیشەکە ڕێک بخەین و هەموو لەم گیرخواردنە رزگار بکەین، بەخوا کە پۆلیسەکانیش هاتن زۆریان پێ خۆش ئەبێ و سوپاسمان ئەکەن، بەڵام مانەوەمان بەمجۆرە بێ سوودە، لە پێش هەموو کەسێکدا کابرای دواوەم گاڵتەی پێ ئەکردم و نەهێنای و نەبردێ وتی: (عمي شتريد؟ تريد تصير ضابط مرور) ئەوانی تریش یەک دووانێک نەبێت کەس بەدەنگمەوە نەهات منیش بێدەنگ چوومەوە گەڕێنەکەم بۆ خۆم لێی دانیشتم.. دوای شەش حەوت دەقیقە دوو پۆلیسی هاتوچۆ بەفیک و هوڕ و بە شاور لێدان هاتن، دەستیان کرد بە ڕێکخستن و ڕێگا کردنەوە، هەر خەتێکیان رزگار ئەکرد ئەچوونە سەر خەتێکی تر بەم جۆرە قەڵەباڵغییەکە نەما و منیش و برادەرە دەمدرێژە بێ ئابڕووەکەی دواوەش ڕزگارمان بوو کە کەوتمە ڕێ لە دڵی خۆما لێکم ئەدایەوە، باشە ئەم خەڵکە ئەگەر بکەوتنایە ڕێکخستنی خۆیان و ئەوەندە پەلەیان نەکردایە هەر کەس بۆ خۆی نە ئەوەندە گەڕێنەکانیان نە خۆیان ماندوو ئەبوون باشە خوانەخواستە ئەگەر کارەساتێکی تۆقێنەر ڕوو بدا وەک: زەلزەلە و لافاو یاخود ئاگرکەوتنەوە.. ئەم خەڵکە ئەگەر بەم جۆرە بن و هەر کەس هەوڵی خۆی بێت چۆن ڕزگاری ئەبێت.. بە تایبەتی ئەم جۆرە هەڵوێستانە کە هاریکاری گشتی و دان بەخۆدا گرتن و بیرکردنەوە و لەخۆ بووردنی ئەوێ.. ئنجا بە هەرەوەزێکی گشتی کە هەر ئەوە دەرمانیەتی و بەس.

هاوکاری، ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٨، ژمارە ٢٧٧٩

## ڕەوتی ئیش و کار لە دەزگاکانی میریدا

دەرگای ژوورەکەیان لەودیوەوە داخرابوو، چونکە سەعات یانزەی بەیانی بوو سەرم سووڕما، قاپی دایەرەی میری لەم کاتەدا هەمیشە کراوەیە و لە کەس داناخرێت. کە لە پەنجەرەکەوە سەرنجم دا ڕوانیم، کچێک خەریکی چا دەمکردنە لەسەر (طباخ)ێکی کارەباییی بچووک، دووەم کچ لەولاوە تەماتە قاش ئەکات و خەیارێک پاک ئەکات، سێیەمیان، پیاز ئەجنێ و خورخوڕ ئاو بە چاویا دێتە خوارەوە لەولاشەوە هێلکەی پاککراو دانراوە قاشی ئەکات، لە ژوور هەموویانەوە ڕادیۆ کرابووەوە،

لەتیفەی توونسی دەنگی لێ هەڵبڕی بوو ئەوی ئەیوت، نەی ئەوتەوە.

نیو سەعاتی زیاتر برد هەرکە قاپی کرایەوە، یاڵڵا خوایە گرێی بەختی ئیشەکەی منیش وەک قاپییەکە بکرێتەوە و لەم هاتوچۆیە رزگارم ببێ.

خۆم کرد بە ژوورا سڵاوێکم لە حازری کرد. قوور و قەپ یەکێک نقەی لێوە نەهات و کەس وەڵامی نەدامەوە... چوومە لای ئەو کچەوە کە ئیشەکەی لا بوو، سەری دانەواندبوو فایلێکی لە بەردەما بوو، وام ئەزانی فایلەکەی منە گەلێک دڵم خۆش بوو گەشکە گرتمی لە تاوا بۆ ئەوەی گوێی لێم بێت بە دەنگی بەرز (صباح الخیر)ێکم لێ کرد.. فلانی خۆی داچڵەکاند و لە شێوەی پەلاماردا لە جیاتیی (صباح النور) وتی (یا صباح یا رزاق) بەم بەیانی زووە دیسانەوە هاتیتەوە سەرمان.. وتم: کچی خۆم من بە باوکی تۆ ئەشێم، سڵاو ئەکەم نایسێننەوە (بەیانیت باش) ئەڵێم، پێی دائەچڵەکێ ئەی چی بکەم؟ بەخوا ئەگەر ئیشم نەبێ، سەر ناکەم بە لاتانا.

بۆ بێزت نایە؟ بۆچی تۆ چیت وا لە خۆت بایی بوویت؟

کچەکەم من بە شانازییەوە سەر ئەکەم بە دەزگای میریدا. بەڵام تۆ لە جیاتیی ئەم قسە بەرز و نزمانە سەیرێکی ئەوراقەکانم بکە و ئیشەکەم هیچی وای نەماوە تەواوی بکە و بیدەرە دەستم با منیش ئەوەندە نەیەمە سەرت.

معامەلەکەت ئیشی زۆر ماوە ئەمرۆ هەر تەواو نابێ برۆ سبەینێ وەرەوە.

دایکەکەم، خوشکەکەم، کچەکەم ئەمە چەند ڕۆژە تۆ ئەمرۆ سبەی بە من ئەکەیت هەر ناتەواوییەک لە ئیشەکەدا بوو هەمووم تەواو کرد. وەک دوێنێ خۆت وتت سبەینێ تەواو ئەبێت.. دە کوا؟

من هەرگیز ناماقوڵیی وام نەکردووە. کچەکەی تەنیشتی کە پلەیەک لەو بەرزتر بوو خۆی پێ نەگیرا و بەرامبەر بەو هەموو توندوتیژییە هەڵی دایە و وتی:

ئەشهەدوبیللا ئەم پیاوە ڕاست ئەکات و تۆ درۆ ئەکەیت.. هەر ئێستا ئیشەکەی تەواو کە و بیدەرە دەستی تا منیش بیبەم بۆ بەڕێوەبەری گشتی بۆی مۆر بکات.

لە دڵی خۆما وتم ئەلحەمدولیللا هێشتا هەر دنیا سەلامەتە و مرۆی چاک زۆرترن ئنجا بە ئاشکرا سوپاسێکی گەرموگوڕی ئەو ئافرەتە بەڕێزەم کرد و هاتمە دەرەوە.

دوای پانزە ساڵ: ئێستا ئەڵێم و دوو پاتی ئەکەمەوە. هەزار خۆزگە بەوسا. لەم ڕۆژانەی ئێستادا کە (موظف) لە هەموو دائیرەکانا چوار پێنج ئەوەندە زیادی کردووە، بەڵام ئیشوکار لە دەزگاکانی میریدا کە ئەچەقی لە قوڕی گەندەڵی و تەماعا، دەرچوونی هەر نییە بە مردوویی نەبێ.

هاوکاری، ڕۆژی ٢٢/١٠/١٩٩٧، ژمارە (٢٧٨٧)

## ئاگات لەودیوی بەستەکەوە بێت

بەشی پێشەوەی هەڵووژەی سەر سەبەتەکەی بە جۆرێک ڕازانبووەوە پیاو لە دوورەوە کە ئەیبینی، ئاو ئەزایە دەمی و تا بچووایە پێشەوە زیاتر حەزی ئەکرد سەیری بکات. نەک هەر ریزی پێشەوە بەڵکو بەشێکی بەرز و نیو کەوانەیی لەو هەڵووژە جوانانە پێک هێنابوو، بە جۆرێک کە تۆ لە دواوە هیچ نەبینی کە چی هەیە و چی نییە.. خۆ ئەگەر بێتو دەست بۆ دەنکێک بەریت کە خۆت بیخەیتە سەر تەرازووەکە، کابرا لەوانەیە بکێشێ بەدەستتا، ئەگەر قەسدی سەرت نەکا و هەڵی کەنێ.. بەڵێ باشە فەرموو خۆت بۆم تێ کە... (عمي انت شتگول، كله ورد.. ذهب.. ماكومثله) دەی فەرموو دوو کیلۆم بۆ بکێشە... زەرفەکە یاخود کیسە نایلۆنەکەش ڕەشە و هەرچییەکی تێ بکرێ هیچ دیار نییە، تۆش ڕێزی ڕازاوەی دەرەوەت دیوە وا ئەزانی ئەوەی بۆی کردوویتە کیسەکەوە عەینی ئەوانەیە کە تۆ لەبەردەمتایە و ئەیبینی بە چاوی خۆت.. بەڵێ هەڵووژەم بردەوە و دامە دەست ماڵەوە وتم: ئەمڕۆ ئاڵتوونم بۆ هێناویتەوە ئەویش وای ئەزانی لای زێڕەنگەر بووم... فلانی کە هەڵووژەی ڕۆ کردە ناو قاپەکەوە، هەروەکو لە بانێکەوە بەرمدەنە خوارەوە. سەیرم کرد هەموو فلیقاوەتەوە بەسەر یەکا دەنکێکی ساغی تیا نییە، زۆری ترشابوو، ئەوانی تر خراپ بووبوون. ناچار یەکسەر ڕۆمان کردە سەبەتەی خۆڵەکەوە... ئنجا منیش کەوتمە بیرکردنەوە تۆ بڵێی لە ئۆتۆمۆبێلەکەدا قاچم پیا نابێت ... تۆ بڵێی دەستم لێ وەشابێ خۆ کابراش دەستی بۆ هیچ لایەکی تر نەبرد و لە بەرچاوی خۆم لەوەی بەردەمی پڕی ئەکرد... کەوابوو ئەو بەستە یاخۆد ئەو دیوارەی بەو جۆرە لەو هەڵووژە جوانانە ڕاکێشابوو، یەکەم بۆ ڕاکێشانی کڕیار و لە هەمان کاتا لەودیو ئەو بەستەوە هەرچی هەڵووژەی خراپ و بۆگەن و فلیقاوە هەیە کۆی کردووەتەوە بۆ ئەوەی دەستی من و تۆی پێ ببڕێ.. جا برا کە چوویتە بازاڕی میوە و ویستت تەماتە و هەڵووژە یا سێو و هەرمێ.. بکڕیت ئاگات لەودیو بەستەکەوە بێت و ئاگات لە توورەکەی نایلۆنی ڕەش بێت کە شتت لێ ئەشارێتەوە و لە خشتەت ئەبا.

هاوکاری، ڕۆژی ١٩/١١/١٩٩٧، ژمارە (٢٧٨٣)

## شەڕەبۆکسەکەی کارنیکە سوور و سمایل

خوا عافوی کا، ساڵح عەلی مامۆستای وەرزشمان بوو، لە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی، بەڕاستی مامۆستایەکی دڵسۆز بوو بۆ ئەرکەکەی سەرشانی و زۆر حەزی ئەکرد قوتابی پێ بگەیەنێ و هەموو جار ئەو فەرمایشەی دووپات ئەکردەوە (العقل السليم في الجسم السليم).

دوای نیوەڕوان ئەیهێنایەوە بۆ قوتابخانەی سەرەوە کە ئەوسا لای نەخۆشخانەی کۆنەوە بوو. ساڵح ئەفەندی زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەیویست قوتابی بۆ (شەڕەبۆکس – ملاكمة) پێ بگەیەنێ هەرچەندە خۆی ئەوەندەی لێ نەئەزانی و ئەوساش (مدرب) بۆ ئەم جۆرە یارییانە نەبوو.

ڕۆژێ دوای نیوەڕۆ لە قوتابخانە ساڵح ئەفەنی، مەشقی شەڕەبۆکسی بە دوو قوتابی ئەکرد، یەکێکیان (کارێک زادیک – کارنیکە سووری ئەرمەنی) کە ئەو زیاتر لە یارییەکەی ئەزانی وا بزانم لەوە، پێشتر لە کەرکووک لە (شەریکەی نەوت) فێر بووبوو دووهەمیان کاک ئیسماعیل کە ئەو وەک کارنیک لە یارییەکەدا قاڵ نەبوو، بەڵام ساڵحە فەنی هەوڵی فێرکردنی لەگەڵدا ئەدا. دەی سا.. هەردوولا دەستکێشیان لە دەست کرد و هاتنە مەیدانەوە، وەک دوو کەڵەشێری غوباب ساڵحە فەنی شاوری دەستپێکردنی لێ دا و ئەوان بە یەکا هەڵپرژان، کارێک بەو ڕێوشوێنە و لەسەر ئەو بنکەیەی فێر بووبوو، یاریی ئەکرد، سمایلیش (شەلم کوێرم ناپارێزم)، وا بزانم لە دەست وەشاندنێکی کارنیکدا، کاکە سمایل زیاتر ئازاری پێ گەیشتبوو، ئیتر کارنیک خۆت بگرە شتەکە لە یاری دەرچوو، بوو بە شەپازلە و سیخورمە و قۆچ، ساڵحە فەنی لەوێوە خێرا خێرا شاوری لێ ئەدا و ئەیوت (فاوڵ) نەخێر سمایل بەوەوە نەوەستا دەستی کرد بە تێهەڵدانی کارنیک، خۆ ئەگەر ئەویش بیویستایە زۆر باش دەرەقەتی ئەهات، بەڵام هەرگیز لە (اصولی یاری) دەرنەچوو. تا ئێمە چوینە لای ساڵحە فەنییەوە و پێمان وت: مامۆستا ئیشەکە لە شاور لێدانا نەما، فریا کەوە تا شتێک نەقەوماوە، ئەوسا چووە بەینیانەوە و لەیەکی کردنەوە و سمایلی دوور خستەوە.. ئەویش خێرا خێرا هەڕەشەی لە کارنیک ئەکرد و ئەیوت: ڕاوەستە بۆم کارنیکە سوور بزانە لە دەرەوە چیت لێ ئەکەم.

– دەی کاکە سمایل ئەمە یاری بوو یا شەڕەشەق و شەڕەگەڕەک بوو؟

هاوکاری، ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٢٦، ژمارە (٢٨٠٧)

## مەیخەنە سەر ساجی عەلی

کە چوومە لای بەهێ خان، سەیرم کرد، هەنسک یەک فرمێسک هەزار، ئەلاوێنێتەوە و لە خۆی ئەدا و بەدەم لاوانەوەوە ئەڵێت: سەریشمان چوو، ماڵیشمان چوو، من ئەو منداڵانە چی لێ بکەم و دوای باوکیان کێ مشووریان ئەخوا و بەخێویانی ئەکات؟

– دەی خوا گەورەیە دایکەکەم، قاپییەک دائەخا، قاپییەک ئەکاتەوە تۆش ئافرەتێکی ژیر و دنیادیدەی سەری بێ رزق لەژێر خاکایە..

– کاکە گیان: ئەو رەحمەتییە، هەر چییەکی ئەم چەند ساڵە بەرەنجی شانی خۆی کۆ کردبووەوە، نیوەی بە خەرجکردن بۆ (عملیات) و سەفەری لەندەن و دەرمان و مەسرەفی تر ڕۆیشت، ئەمەیان قەیناکا، ماڵی حەلاڵی خۆی بوو، بۆ (تداوي) و چاکبوونەوەی بوو، بەڵام خوا ئەیدا باشە توخوا ئەو هەموو پارەیە کە بۆ پرسە و مەلا و نانخواردن و ناشتنی خەرج کرا بەشی ئەوەندەی نەئەکرد کە ئەو منالانە پێ بگەیەنێ تا لە خەم برەخسین؟ بڕوا بکە خەڵک کە ئێمەیان بە ملیاردێر ئەزانی ئێستا دەستم لە بنی هەمانەکەوە دەرچووە نەخۆشی و عەمەلیات و هاتوچۆی خۆی نزیکەی دە

ملیۆنی تێ چوو ئەمە وەکو وتم قەیناکا بەڵام توخوا ئەوە ویژدانە بۆ پرسە و نانخواردن و هەیتوهووتی تر شەش ملیۆن خەرج بکرێ، ئەوە بۆ ئەو هەتیوانە خەرج بکرایە باشتر نەبوو.

– بەرێ وەڵڵا دایکەکەم ڕاست ئەکەی ئەم پیشە هیچ و پووچە کە تەنها بۆ ڕواڵەت و خۆدەرخستن نەبێ، هیچی تری تیا بەستە نییە ئەی باشە تۆ بۆچی ڕێگای ئەوەت دا.

– کاکە گیان: هەر دەمم بکردایەوە ئەیانوت: ڕەزیلە و چرووکە و ماڵی خۆیەتی دوای مردنیشی پێی ڕەوا نابینێ و دە ئەوەندەی لە بانقایە خۆزگە سەیری دەفتەری بانقەکەیت ئەکرد بۆ ئەوەی بزانی چی لە بانقا ماوە ئاوەها خستمیانە سەر ساجی عەلی.

هاوکاری، ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٣، ژمارە (٢٨١١)

## کوپە ترشیاتەکەی باجی حەلاو

یاخوا باجی حەلاو خوا عافوت کا و لە گوناهت خۆش بێ چونکە ژنێکی ئەوەندە مەرد و ئازا بوویت. ئەرکی ڕەشە خێزانێکت گرتبووە ئەستۆی خۆت. شەوت ڕۆژ ئەکردەوە تا لفکەیەک یاخود دووانت ئەچنی. بۆ سبحەینێ. خەڵکەکە ئەهاتن ئەیانقۆستەوە. چونکە لفکەکانت ئەوەندە سفت و جوان بوون، مرۆ هەر حەزی ئەکرد خۆی بشوات. پێیان. بەنرخەکانیان خەرجی ڕۆژانەی ماڵەکەت دابین ئەکرد.

باجی حەلاو ساڵێکیان ویستی هەر لە زووەوە دەست بکات بەزەخیرە خستنی ناوماڵ. بەڵام ئەمجارە ویستی زەخیرەی ترشیات بخات بۆ زستان ترێ ڕەشکەی لای خۆمان سەیری هەیە و عەجەب سرکەیەک بە دەستەوە ئەدات کوپەی باڵا زەلام لە ماڵ هەبوو. پاک پاک شۆرایەوە و وشک کرایەوە. باجی حەلاو چووە بازاڕ بارێک ترێ ڕەشکەی شاربازێڕی کڕی دوو (تاسەوی) ماڵەوماڵ. هێنایە ماڵەوە. ترێ هەر دەنکی بەقەدەر هەڵماتێکی گەورە، ترێ شۆرایەوە و چۆڕایەوە و دەنک لە لاسک جیا کرایەوە و خرایە کوپەی باڵا بەرزەوە و سەری باش نرایەوە و ئەوەندەی توانی باجی حەلاو (الحمد لله وقول هو الله و بسم الله)ی بەسەرا کف کرد و لە شوێنێکی باش و تۆزی گەرما لە ژووری خوارەوە دای نا. بەڵکو بگات و ببێ بە سرکە و لە سرکەکەش ترشیات دروست بکات.

دوای بەینێک هەر ڕۆژە نا ڕۆژێک سەرێکی لە کوپەی باڵا بەرز ئەدا بزانێ ترێ بووە بە سرکە گەییوە یا نا؟

تومەز کاک عەباسی کوڕی باجی حەلاو دەستکاریی کوپەکەی بە دزیی دایکییەوە کردووە ترێ لە جیاتیی ئەوەی ببێ بە سرکە گەڕاوەتەوە شەرابێکی خەست و خۆڵی ئاڵی لێ دەرچووە و کاک عەباس هەموو شەوێک سێ چوار پەرداخی لێ ئەخواتەوە و باجی حەلاویش هەر چاوەڕێی ترێیە پێ بگات و لە دواییدا سەیری کرد. ئیشەکە زۆری پێ چوو سرکە هەرگیز ئەوەندەی پێ ناچێت. ڕۆژێک پڕ بە پیاڵەی چایەکی لە کوپە دەرهێنا و تامی کرد. سەیری کرد شیرینە. هەڵسا ئەو پیاڵە

سرکەیەی برد بۆ باجی (پیرۆزی تەپەچنە) کە پسپۆڕ بوو لە سرکە و ترشیاتا باجی پیرۆز کە ئەنجامەکەی تێ گەیاند.. باجی حەلاو یەکسەر تێ گەیشت و وتی: هەبێ و نەبێ ئەو هەتیوەم ئە ئاوا لێی حەرام کردین. ئەهت بێ عەباس منیش نەیەڵم پێی شاد بێت. هەر گەیشتەوە ماڵەوە. بە نقەنق کوپە شەرابی هێنایە حەوشە شەرابی ڕژان. کوپەکەشی شکاند چونکە حەرامە ساڵێکی تر نابێ سرکە لە کوپەی شەرابدا بگیرێتەوە.

هاوکاری، ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/١٧، ژمارە (٢٨١٨)

## کە ڕێوی بە پیرتەوە دێ

ڕۆژێ لە ڕۆژە تووشە ساردەکانی زستانی سلێمانی بوو. بەفر تارایەکی سپیی دابوو بەسەر شارەکەدا، ڕەشایی بە عاستەم دەرئەکەوت.. هەرچەند ئەو بەفرە زۆریش بباریایە، ئیتر باڵندەی ئەو دەشتە خۆیان ئەکرد بە شارا بەڵکو خۆیان ئەکرد بە ماڵەکانا. بۆ سبەینێ کە کردی بە سایقە و هەتاو کەوت، لەگەڵ خوا لێخۆشبوو حەمەی مامدا، بڕیارمان دا بچین بەرەو (چەمی تانجەڕۆ) خۆ هەمیشە تەویلەکانی ماڵی باپیرم پڕ بوون لە وڵاخ و تانجی، ماڵی باپیریشم ئەوسا ئەو پەڕی شار بوو کارێزی دایکی پاشا هەر لەبەر دەمی ماڵەکەمانا بوو، تانجیمان رست کرد و وڵاخمان زین کرد و بە جووتە سوارە بەرەو خوار بووینەوە ڕووەو قەرە تۆغان چەمی و تابخەرە زۆر نەڕۆیشتین ئەوەندەم زانی ڕێوییەک لە بەردەممانا بۆی دەرچوو، ئێمەش هەڵەمان لە تانجی کرد و ڕستمان بۆ بەرەڵاکردن تانجی ڕێویی ئەهێنا و ئەبرد، ڕێوی خۆی نەدا بەدەستەوە، خۆ تازە تانجیش پێیان عەیبە بە دەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە، ئیتر ئێمە تانجی و ڕێویمان لە چاو ون بوون، بەفرەکەش ئەوەندە زۆر بوو لە توانامانا نەبوو، بەغار دوایان کەوین. زۆری نەبرد تانجییەکیان گەڕایەوە لای ئێمە لەوە ئەچوو هاتبێ بەشوێنمانا، چونکە ئێمەش هەر ناچار بووین بەدوای تانجی دووەمدا بگەڕێین، هەر ڕۆیشتین، وا سەیر ئەکەین، تانجییەکەی تر لە جیاتیی ڕێوییەکە، کە بۆی دەرچووبوو کەروێشکێکی خرپنەی قەڵەوی بەدەمەوەیە، کەروێشک ئەیەوێ خۆی ڕزگار بکات ئەم بەری نادا.. تا گەیشتینە سەری، ئنجا کەروێشکەکەی بەر دا، بەڵام هێزی لێ براوو، ئێمەش هەر لەوێدا سەرمان بڕی و بە پاشکۆی زینەکەوە هەڵمان واسی و هاتینەوە بۆ ماڵەوە.

هاوکاری، ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/٢٤، ژمارە ٢٨٢٢

## هەردوو ڕووی (پیاوی دووڕوو) ڕەش

چەند جارێک زڕەی تەلەفۆن هات، کە هەڵم گرت بۆم دەرکەوت کە حەمەی کۆنە برادەرمە. دوای چاک و چۆنی دەستی پێ کرد: ئەرێ چاوەکەم تۆ نەک هەر کاکی منی و برای گەورەی خوا ئەیزانێ تۆ ڕووناکیی چاو و هێزی ئەژنۆ و قووەتی دڵمی تۆ خۆت و کەسوکارت هەموو گەورە و وەلی

نیعمەتی من بوون. من لە سایەی ئێوەوە پێ گەیشتووم و بووم بەم پیاوەی ئەمڕۆ کە لە خوا و ئێوە بە زیاد بێ سامانەکەم باری حەوت حوشترە، چۆن تۆ لەم سەغڵەتیەتدا منت ئاگادار نەکردەوە. کە لەو مشکلەیەت رزگار بکەم کە تووشی بوویت و هەم چی ئەڵێیت یارمەتیت بدەم و دەستگیرۆدەییت بکەم. حەز ئەکەی هەر بە سپییەتی دەفتەری چەکەکەمت بۆ مۆر ئەکەم و تەسلیمتی ئەکەم. کەس لە ڕاستیی تۆدا حەدی خاوەن ماڵی نییە.. ئیتر لەم بابەتەوە هەر نەیئەبڕییەوە و ڕێگای منی نەئەدا وەڵامی بدەمەوە تاکو هەر چۆنێک بوو دەنگم بەرز کردەوە:

– دەی بابە سوپاس و نەکەوتووم و نە لە چاڵام و نە پێویستم بە یارمەتی هەیە، ئەوەی هەمە، خوا نەیبڕێ، ئەوەی هەمە، لە سەرم دێ و لە پێم دەرئەچێ و تۆش ماڵت ئاوا بێ.

بۆ سبەینێ کاک نەوزادم دی کە برادەری من و کاکە حەمە بوو وتی: ئەرێ ئەم کابرایە شەرم ناکات و تەریق نابێتەوە. دوێنێ لە لای بووم و ئاگام لێ بوو کە تەلەفۆنەکەی لەگەڵ کردی و کە ئەو (مجاملە) درۆیەی لەگەڵ کردی، چونکە هەر تەلەفۆنەکەی دانا. ڕووی کردە ئێمە و وتی: ئاوا بەم بێ عەقڵانە ڕائەبوێرم، بەخوا گیانی دەرچێ و هەر دانێکی بەقەد بێڵەکانێک دەرچێ پوولێکی نادەمێ و بە قەیتانی قۆنەرەکانی نازانم، بۆچی گوایە ئەو چییە و من چیم.. خۆ بەوە نابێ ئەو فلانە کەسە، دەسا منیش وەچەی عەزیز ئەفەندی حەسەن بەگزادەم و تانوپۆ ئاوریشم. وەچە و بنەچەم لە گشت وڵاتدا دیارە.

– دەی باشە: کاکە حەمە. ئەو پیاوە داوای هیچی لە تۆ کرد؟ قسەی لەگەڵ کردی؟ ئیتر ئەم بازاڕ گەرمییە چییە بەسەر ئەم خەڵکەوەی ئەکەیت؟ بڕۆ لەعنەت لەو کەسەی ئیتر مەرحەبات ئەکات چونکە ئەمڕۆ ئەم کەڵەکە لەو ئەدەی، سبەینی لای خەڵکی تریش ئەمە بە من و هەزاری وەک من ئەکەیت.

– نە کاکە نەء، حەدم چییە، تۆ پیاوێکی تری و قورساییەکی ترت لە کۆمەڵ و لەناو خزمانا هەیە، خۆت مەهێنە ڕێزی ئەو کابرا هیچ و پووچە.

– دەی باشە ئەگەر هیچ و پووچە. ئەو مامەییەت لە چی بوو لەگەڵیا، سا هەزار تف لە پیاوی دووڕوو و لە پیاوی (انتهازی) و خۆ بەرە پێشەوە، ئەوانە دوارۆژیان دیارە چییە و کوێیە..

هاوکاری، ژمارە ٢٨٢٩، ڕۆژی ١٩٩٨/١/٦

## خاڵە رەجەب و ساڵح شێرە و قسەخۆش و قسەخۆشانی لای خۆمان

مامۆستا محەمەد بەدری لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاری ٢٦٤٥ی دەی ئادار و ٢٦٥١ی هەژدەی ئاداری ٩٩٧ لە لاپەڕەی هەرە دواییدا بەسەر ناوی (سەرنجێک) لە پیاوە قسەخۆشەکانی لای خۆمان (خاڵە رەجەب) و (ساڵح شێرە) دوا بوو. منیش حەزم کرد چەپکێ زانست و زانیاریی تەڕ و بڕ و تام و بۆنخۆش لەم ڕووەوە بهاومە بان ئەو نووسینانەی کاک بەدری. بەوەدا کە من

لەگەڵ خاڵە رەجەبدا هەڵسوکەوتم زۆرە. ئەو دەمەی لە سلێمانی سەرۆکی شارەوانی بووم لە ساڵەکانی ١٩٦٧– ١٩٦٩ و خاڵە رەجەبیش هەر لە شارەوانی لە زووەوە لە لایەن خوا لێخۆشبوو قادر ئاغای حاجی مەلا محێدینەوە کە سەرۆکی شارەوانی بوو. دای مەزراندبوو، خاڵە رەجەب پێش خزمەتی سەرۆک بوو. بەڵام خاڵە ڕەجەبێک!! ئەو خوو و ڕەوشت و کردەوە جوانانەی بەوەوە بوون هەر کەسێکی بوایە کە ئەوەندە لای خەڵک بەڕێز و خۆشەویست و ئەوەندە رووی لە سەرۆکەکانی یەک لە دوای یەک و لە پیاوی گەورەی تر بدیایە، بازەڵەی ئەخوێند و لە خەت دەرئەچوو دەستی ئەکرد بە بەکارهێنانی ئەو خۆشەویستییە بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندیی خۆی و دوور نییە گەلێک ئیشی نابەجێ و ناپەسندی بکردایە، بەڵام خاڵە رەجەب بە پێچەوانەوە، نزیکەی دە ساڵ زیاتر لووت و بزووت پێک دووە لووین، هەرگیزاو هەرگیز قسەیەک یا کردەوەیەکی ئەوتۆم لێ نەدی کە لە پایە و پلەی لە دڵی هەمووانا کەم کاتەوە. هەندێک جار ڕێگای ڕاست و دروستی پێشان ئەدام بەڵام بە شێوەیەکی وا کە هەست نەکەم گوایە ئەو ئامۆژگاریم ئەکات، یاخود هەندێ شتی پێ ئەوتم کە ئەو بەهۆی خزمەتی دوور و درێژییەوە لە شارەوانیدا شارەزا بوو. زۆر سوودم لێ وەرئەگرت، بەڵام ڕۆژێک لە رۆژان زەمی یەکێکم لێ نەبیست یاخود قسەیەک دژی ئەم و ئەو بکات لە کاتێکدا کە زۆر شتی ئەزانی. ئیتر بەکورتی ئەو پیاوە بە هەڵسان و دانیشتن و خوو و ڕەوشتی جوان و بەرزی، رێزی خۆی بەسەر بەرامبەرەکەیدا ئەسەپان.. دە ئەمانە ئەگەر بدەینە پاڵ قسەخۆشەکان و زیرەکییەکەی قسەی لە جێی، ئەوسا زیاتر لە دڵی خەڵکیشدا شوێنی خۆی ئەکاتەوە.

ئینجا با بێینە سەر زیرەکی و قسەی خۆش و نوکتەکانی.. کە من لەم رووەوە هانم دا کە قسەکانی کۆ بکاتەوە، لەسەر کاغەز تاکو لە چاپ بدرێن، دوای کۆکردنەوەی قسەکان. هەر من سەرلەنوێ بۆم داڕشتەوە و پێشەکیم بۆ نووسی و ناوم نا (ترش و شیرین)ی خاڵە رەجەب.. هەر لە شارەوانی لە ژوورەکەی بەرامبەر ژووری سەرۆک سکرتێرم بەرەوڕوو کردبووەوە و قەڵەم و دەفتەرم لا دانابوو بۆ ئەوەی خاڵە هەر نوکتەیەکی بیر کەوتەوە بچێتە لای ئەو فەرمانبەرە بۆی تۆمار بکات.. جا هەندێ جار کە لە زەنگم ئەدا و خاڵە تۆزێک دوا ئەکەوت. ئەهات گورج عوزرخوایی ئەهێنایەوە و ئەیوت "قوربان.. گوێت لە گارەگارم نەبوو هێلکەم پێ بوو چوومە لای شێخ ڕەزا کردم و گەڕامەوە" واتا چووە قسەی بیر کەوتووەتەوە تۆماری کردووە.

بە کورتی هەتا لە سلێمانی بووم بەری یەکەمی کتێبەکەم بۆ گەڵاڵە کرد و پێشەکییەکەیم بۆ نووسی و بە چاپمان گەیاند. دوای ئەمە من گەڕامەوە بەغدا سەر ئیشەکەی پێشووی خۆم (مدیری بلدیاتی عام) کە بە شێوەی (إعارة) چووبووم بۆ سلێمانی ئەوەندەی پێ نەچوو (ترش و شیرین) کەوتە بازاڕەوە و خەڵک قۆستیانەوە. بەڵام دوای من (خاڵە رەجەب بەڕەحمەت بێ، لە هێلکە چووەوە) و بڕیار وابوو بەشی دووەمی ترش و شیرین دەربکات.. بەداخەوە نەیتوانی و کەسیش نەبوو پاڵپشتی بگرێ.

ئەز کە لە شـارەوانی بووم پێم خـۆش نەئەبوو کە بە خـاڵە رەجـەب بڵـێم بڕۆ چا بۆ خـۆم یاخـود بۆ مـیـوان بێنە، لەبـەرئەوە یاریدەدەرێکم بۆ دانا (احـمـد)ی ناو بـوو کـوڕێکی بـاش و بێـدەنگ بوو (ئەحـەڕەش)مـان پێ ئەوت. رۆژێـک برادەرێک هـاتە لام داوای ژمـارەیەکی گـۆڤـارەکـەی شـارەوانیی کرد کە هـەر من چوومە شـارەوانیی سلێمـانی دەستم کرد بە دەرکردنی بەناوی (سلێمـانی)یەوە. بەڵام بـەگـشـتـی هـەمـوو (نشـرة)مـان پێ ئەوت، بـە خـاڵە رەجـەبم وت تکایە بەڵکو ژمـارەیـەک لە (نشرة)کـەمـان بۆ بێنی بۆ ئەم برادەرە داوای ئەکات، ئەویش ئـەحـەڕەشی نارد بۆ (نشرة) کـاتێکم زانی خاڵە رەجەب بە پێکەنینەوە ئەحـەڕەشی هێنایە ژوورەوە کە یەک باوەش (وایر و گلۆپی زەرد و سوور) بەشـانەوە چوو بوو لە (مخزن) دەری هێنابوو. خـاڵە رەجـەب وتـی: جەنـاب: ئەمە ژوورەکـەی خۆتی پێ بڕازێنمـەوە یا ماڵی ئەحـەڕەش. من ناردوومە بۆ (نشرة) چووە ئەمەی هێناوە. خۆ ئەمڕۆ (جلوس) نییە تاکو ئەمە هەڵواسین!!

رەجـەب برایـەکی هـەبوو (مـەولوود)ی ناو بوو. ئەمـانە کـوڕی حـاجی مـحـەمـەد بوون لـە گـەڕەکی (خۆمان) واتا دەرگەزین - سەرکارێز لە سلێمـانی و من کە قوتابیی ناوەند و ئامادەیی بووم، خاڵە ڕەجـەبم ئەبینی بـەڵام ئەو گـەورەتر بوو لە تەمـەنا ئەچوو بۆ شـارەوانی جا ڕۆژێک زەلامـێک یەخـەی خـاڵە ڕەجەب ئـەگرێ ئەڵێت: ئـەرێ خاڵە ئەوە برای ترت نەبوو ناوتان بنایە شـەعبـان و رەمـەزان بۆ ئەوەی سێیەکی ساڵە عەرەبییەکە بۆ ئێوە بێت، ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت: ئەرێ برا بۆچی هـەر ئێمە ئیسلام نین و هـەموو کۆڵەکەکان بۆ خۆمان بەرین؟ ئەوا بە خۆم و مەولوی برام دوکۆڵەکەمان داوەتە بەر و باوکیشمان حاجییە و محەمەدە. دەسا ئێوەش دوو کۆڵەکەی بەنە بەرخۆ کفر نابێ.

قـسـەی خـۆش و لە جێی خـاڵە ڕەجـەب هـەر تەواو نابێ. ئەوەی شـایانی باسـە لە کاروانی ژمـارە (٣٧)ی سـاڵی ١٩٨٥دا چەند لاپەڕەیەکم بە نـاوی (گاڵتەوگـەپ و قسـەی خـۆش لەناو کوردەواریدا) بڵاو کـردەوە، لـەوێدا دوور و درێژ لەسـەر گـاڵـتـەوگـەپ و نوکـتـە و لـەتیـفـە و قـسـەی نـەسـتـەق و بایولوجـیـەت و فـەلسـەفـەی پێکەنـین دوواوم و لە دواییـدا هـاتوومـەتە سـەر (کـورد و قـسـەی گـوێ ئاگردان و دیوەخـانانی ئـاغاکـان و حـوجرەی فـەقێیـان، ئینجـا چاپخـانە و بازاڕ و ڕێگەی حـەج و مـزگـەوت و سـەر تەنووری ژنـان ئنجـا ڕۆژنامـە و گـۆڤـار و ڕادیۆ و تەلەڤـزیۆن و زۆر شـتـی تر کـە ئەمانە و گەلێک شوێن و جێگەی تر هەبوون کە بووبوون بە دەسگای قسەی خۆش.

بەڕاسـتی قـسـەی خـۆش و زمـانی ڕەوان و پاراو بـەهرەیەکی خـواییـیـە و بەخشـیشـێکی گـەورەیە، هـەرگـیـز ئەم کـارە بـەزۆر و زۆرەملێ پێک نایە، کـەس ناتوانێ بەزۆر سـواری قسـەی خـۆش بێت، پیاوی قسەخۆش، لەناو خەڵکدا ئێسک سووک و خۆشـەویستـە، قسە ئەگەر لە جێگەی خۆیدا و لە شـوێن و کـاتی خـۆیدا نەبێت، ئەو تام و چێژەی نامـێنێت، ئەمـە لە خـودی خـۆیدا بەهرەیەکـە جگە لەوانەش دەم و زمان شیرینی وا هـەن هـەر قسـەیەکی خۆیی ڕۆژانە بکەن، ئەوەندە بەتام و لەزەتی ئەکەن و ئەوەندە خـۆشی ئەگێڕنەوە پیاو هـەر حـەز ئەکات گوێیـان لێ بگرێت، دەسا ڕەنگ هـەیە هـەر ئەو قسە و باسـە یەکێکی تر بیکا و بیگێڕێتەوە پیاو لەشی پێ دابـهەزرێ.

ئەز بە خزمەت (ساڵح شێرە) نەگەیشتووم بەڵام وەک کاک محەمەد بەدری باسی ئەکات و لە خەڵکی تریشم بیستووە کە باسی زیرەکی و قسە خۆشەکانی ئەکەن، خۆزگە یەکێک ئەبوو. قسەکانی ئەویش کۆ بکاتەوە و لە چاپی بدا با نەفەوتێ و لە کیس نەچێت.

ئەز هەر لەو ژمارەیەی کارواندا ئاماژەم بۆ گەلێک لە قسە خۆشەکانی کوردەواری کردووە، هەروەها لە کتێبەکەم (سلێمانی شارە خۆشەویستەکەم) کە بەرگی دووەمی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم)ە و ئەم بەرگەی دوایی کە هێشتا لە چاپ نەدراوە، باسی پیاوە قسەخۆشەکانی شاری سلێمانیم کردووە، بۆ هەر یەکێکیش نموونەیەکم هێناوەتەوە بەڵام هەر پێویستە دیسانەوە پەنجە بۆ ئەو پیاوە بەڕێزە خۆشەویستانە بە تێکرایی ڕابکێشینەوە، هەر بۆ ئەوەش کە ناویان لە بیر نەچنەوە و لێکۆڵینەوە و پشکنین بەدوای ژیانی خۆیان و پاراستنی قسە خۆشەکانیاندا بەردەوام بێت. لەوانە (عەلی بەردەشانی) و (حاجی ئەحمەدی کررنو) و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و (مەلا فەندی هەولێر) و (سەی ئەحمەدی خانەقا) و (شێخ حسێن کوری) و (مەلا ڕەسووڵی دێلێژەیی) و (مەلا مەحمودی بێخود) و (مەلا حسینی پیسکەندی) و (شێخ قادری سیامەنسور) و (شێخ مەحموودی حەفید و شێخ لەتیفی کوری) و (غیرەت تۆپچی) و (ئەحمەد...) و (فائق بێکەس) و (ئەحەی جاو) و (مەحموود بەگی ڕەزا بەگی جاف) و (حەسەن بەگی عەلی بەگی جاف) و (حاجی محەمەدی عەنبەر) (مەجۆلی خامە) و (مستەفاغای حاجی حەمە سەعید) و (شێخ سەلامی شاعیر) و (بشیر مشیر) و (مستەفای حاجی برایماغا - خاڵەمچە) و (شێخ حوسێنی قەرەداغی) و (سەی فەتاحی جەباری) و (موفتی زەهاوی) و (حاجی عەبدوڵڵای جەلی زادە) و (عەونی ئەفەندی حاجی کورون و هەموو بنەماڵەکەی و برازاکانی) و (کەمال عەزمی بەگی بابان) و (ئەحمەد شوکری شاعیر - دکتۆر شۆ) و (مەلا سوورە) و (عمر عارف عورفی) و (مەسیح عەلەمە) و (چالاک تاڵەبانی) و (بەگە - ابو بکر ساڵح) و (علاءالدين سجادي) و (حوسێنی مەلا - دزەیی) و (سابیری تەپەچنە) و (لالە سەرحەی رۆغایی) و (مەلا مەجیدی قطب) و (عەلی رەفیق خادم سجادە) و (حەمە بەگی حاجی رەسووڵ بەگ) و (خالیدی شێخ محەمەدی خاڵ) و (عەزەی ئەحە بۆق) و (ساڵح شێرە) و (خاڵە رەجەب) و دەیەها، بەڵکو سەدەهای تر هەن لە کوردستاندا قسە خۆش و ئێسک سووک و زمان پاراو، کە ئەمانە بەلای منەوە زیاتر هەڵکەوتنی وڵاتەکە و دیمەنی جوانی و زیرەکی و توانای میللەتەکە و مەیلیان بۆ سەربەستی و ئازادی لە قسەدا و شەرم نەکردن و واتا (شجاعە) و ئازایەتیی قسە دەربڕین کە ئەمانە و زۆر شتی دەروونی و شادراوە کار ئەکەنە سەر ئەم مەسەلەیە.

ئینجا بۆ نموونە حەزم کرد چەند قسەیەکی خۆش و لە جێی چەند کەسێک لەوانە بخەمە بەردەستی خوێنەری بەڕێز، حاجی محەمەد عەنبەر: پیاوێکی دەردەدار ئەبێت لە سلێمانی هەموو جار کە ئەچووە مزگەوتی شێخ جەلال، لە خوا ئەپاڕایەوە، خوایە چاوم ڕوون کەیتەوە. ژانی پشتم چاکەیتەوە، شیفای گورچیلەم بدەی کە بەردی تیایە، پەراسووەکانم ژان ئەکەن ئیستراحەتیان پێ

ببەخشی، بەم جۆرە لەسەری ئەڕوات شەش حەوت نەوع دەرد و نەخۆشی هەڵئەدا و داوا لە خوا ئەکات کە چاکی بکاتەوە. حاجی محەمەدی عەنبەر لە تەنیشتیەوە ئەبێت جارێک لێی ڕائەپەرێت: مردووت مرێ تۆچی خوا (نەعووزو بیلا) پینەچییە، تا ئەمانە ئەکات دە دوازدە زەلامی ڕێکوپێک و لەشساغ دروست ئەکات ئیتر چییەتی بەسەر ئەم جوت باقی کردنەوەوە.

ئەحەی کورنو: حاجی ئەحمەد لە سلێمانی ئەچێتە بەردەرگەی یەکێک لە ئاودەستخانەکانی مزگەوتی گەورە. تا ئەم ئەیەوێ بچێتە ژوورەوە. زەفتیەی تورک پێشی ئەکەوێ، حاجی هەر چاوەڕێ ئەکات و کابرا هەر نایەتە دەرەوە. ئەحەی کرنو (ئحە)یەکی بۆ ئەکات، کابرای زەفتیە لە ژوورەوە لەگەڵ ئحەکەدا یەکێکی پیا ئەهێنێ، ئەحە ئحەیەکی تری بۆ ئەکات کابرا یەکێکی ناسازتری بۆ لێ ئەدا، حاجی ئەحمەد تووڕە ئەبێت و ئەڵێ: مردووت مرێ تۆ کە تۆپ و تۆپخانەیەکی وات پێیە و زەخیرەی شەش مانگیشت هەڵگرتووە بۆچ ناچی لە دەوڵەتی عوسمانی یاخی بیت. بۆچی بە مانگی یەک مەجیری رازی ئەبیت؟

موفتی زەهاوی، ڕۆژێک موفتی زەهاوی دەمەونیوەڕۆ ئەچێت بۆ لای والیی ئەوسای بەغدای سەردەمی عوسمانی. والی بانگ ئەکاتە قاوەچی ئەڵێت (جیب قهوة). موفتیش تومەز برسییەتی و ئارەزووی قاوەڵتی ئەکات نەک (قهوة). بۆیە گورج ئەڵێت: (بدلهابالتی) کە بەمە قهوەکە ئەبێت بەقەهوالتی یاخود قاوەڵتی. حەمە پاشای جاف و مەولەوی: پاشا و مەولەوی سەرو سەودای شیعریان خۆش بووە. مەولەوی جارێک لە دێی (دێڵێ) ئەبێت، حەمە پاشا کە خۆی دەستی شیعریشی هەبووە بۆی ئەنووسێت.

ئەگەر گەفەی کەماڵ کوردە ماڵ بێڵێ
هەی لەزەت ئەبەی خاڵۆ لە (دێڵێ)

مەولەویش بەم شیعرە وەڵامی ئەداتەوە:

لە گەفەی گەماڵ کوردە ماڵەکان
(دێڵێ)م دا بە تۆ و بە گەماڵەکان

ئیتر هەزار چەپکە گوڵی ڕازاوە و بۆنخۆش بۆ سەر گۆڕی ئەو پیاوە گەورانە کە ئەم نوکتە و قسانەیان زۆر بەرووی خۆش و دەمی بە پێکەنین وتووە و وەرگرتووە. هەزار ئەوەندەش بۆ گیانی عەلائەدین سجادی کە بە بەرگەکانی رستەی مرواری ئەو خەزێنە لەبن نەهاتووەی لە فۆلکلۆر و قسەی خۆشی کوردەواری بۆ پاراستووین.

# بۆ زاخاوی مێشک

تۆزێکیش قسەی.. نەستەق و گاڵتەوگەپ

– (برنادشۆ) بانگ ئەکرێ بۆ ئاهەنگێکی (خیري) کە هەڵپەڕکێ و سەما دەست پێ ئەکا (شۆ) ئافرەتێکی (تەڕپیر) رائەکێشێت سەمای لەگەڵا بکات.. دوای لێ بوونەوە ئافرەت بەنازێکەوە بەشۆ ئەڵێت: پێم ناڵێی هۆی چی بوو تۆ لەگەڵ یەکێکی وەک منا دانست کرد. شۆ دەستبەجێ لە وەڵاما ئەڵێت: ئەی گوایە ئەم ئاهەنگەی گێڕاوە، ئاهەنگێکی (خیري) نییە؟

– کلیمنصوکە سەرۆک وەزیرانی فەرەنسەی پێشوو بوو رۆژێک لە رۆژان سواری شەمەنەفەرێک ئەبێت بەرێککەوت ئەکەوێتە تەنشت ژنێکەوە بەڵام ئاگاداری ئەوە نەبوو کە دوگمەکانی پێشەوەی پانتۆڵەکەی دانەخستووە. ژنە بەمە ئەزانێ پێی ئەڵێ گەورەم دەرگای قەفەسەکەت داخە. ئەویش هیچ خۆی تێک نادا و ئەڵێ: گیانەکەم ئەگەر دەرگای قەفەس کراوە بوو بێگومان ئەو باڵندەیەی تیایەتی یا مردووە یا فڕیوە.

– مەلیک جورج شای ئنگلتەرە لەپێش چوونە سەر تەختیا جارێک خۆی ئەگۆڕێ بە جۆرێک کەس نەیناسێتەوە بۆ ئارەزوو لە تەنشت عەرەبانچییەکەوە لە عەرەبانەیەکدا سوار ئەبێت لە پڕ ئەسپێک لە ئەسپەکان، سەرسمێک ئەدا و بەدەما ئەکەوێ خاوەنەکی گورج ئەڵێ: خاوەن شکۆ هەڵسەرەوە، جورج لەمە زۆر سەرسام ئەمێنێ ئەڵێ: ئەوە بۆچ وات پێ گوت؟

ئەویش ئەڵێ: وا دیارە زۆر تەماڵ و بێ مێشکە و کەڵک نەگرە ئەگینا چۆن رێی ئەکەوێتە لای من؟

– چەرچلی سەرەک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا ئەچێتە فەرەنسە لە کاتێکدا کە زۆر رقیان لێی بوو، لەوێ ئەچێتە ئەنتیکەخانە (متحف) پاسەوانی قاپییەکە پێی ئەڵێ: قۆندەرەکانت پاک کەرەوە ئنجا بچۆرە ژوورەوە. پیاوەکەی لەگەڵ چرچڵ ئەبێت گورج بەکابرا ئەڵێ: کوڕە وسبە نازانی ئەوە چەرچلە؟ پاسەوان ئەڵێ: دەکەوابوو با ناوەکەشی پاک بکاتەوە.

– لویسی چواردەهەم (شای پێشووی فەرەنسە) شایەکی توند و کەللەڕەق بوو هەرچییەکی بووتایە، ئەبوایە جێبەجێ بکرایە. رۆژێک ئەم پیاوە لە وەزیرەکانی تووڕە ئەبێت ئەڵێ: هەرچییەکم وت نابێ قسەم بشکێ تەنانەت ئەگەر وتم خۆتان فڕێ دەنە رووباری (سین)ەوە پێویستە بیکەن... لە ئەنجامی ئەم قسەیەدا گورج یەکێک لە وەزیرەکان هەڵئەستێ کە لویس لێی ئەپرسێ ها، بۆ کوێ، لە وەڵاما وەزیر ئەڵێ: بابڕۆم تا زووە فێری مەلە بم ئەگینا ئەخنکێم.

ـ (ئەدیسون) دۆزەرەوەی کارەبا لە ژووری ئیشکردنەکەیا خەریک ئەبێت لە پڕ هاوڕێیەکی، دوای نیوەشەو خۆی ئەکات بەژوورا و لێی ئەپرسێ، ئەوە کەی ئەڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە ئەویش ئەڵێ: راستت ئەوێ ئەمرۆ ژنم هێناوە پێویستە ئەمشەو نەختێ زوو بڕۆمەوە.

- (فرزدەق)ی بوێژ، سواری کەرێک ئەبێت کەرەکە خێرا خێرا بای لێ بەر ئەبێتەوە لەو کاتەدا ژنێک ئەدا بەلایا ئەویش بۆ گاڵتە لەبەر خۆیەوە ئەڵێت: تێ ناگەم بۆچی هەر مێیینەیەک هەڵی گرتبم هەمیشە تڕیوە؟ ژنەش پێی ئەڵێ کەوابوو خوا لێخوشبووی دایکت نۆ مانگ لەسەر یەک و تا دای ناوی هەر وردە ئاهەنگی لێ بەر بووەتەوە.

– موفتی زەهاوی (موفتی گەورە کە ناوی محمد فیضی)یە لە چایخانەیەکا دائەنیشێت نێرگەلە ئەکێشێت، شاگرد چایچی مناڵێکە ئیبراهیمی ناوە ئاگای لە خۆی نابێ ئەکەوێ بەسەر نێرگەلەکەدا نێرگەلەکە ئەکەوێ و ئاگرەکەی بانی ئەڕژێ بەسەر شاگردەکەیا. موفتیش گورج ڕائەپەڕێ و برایم و ئەکێشێتە ئەملاوە و ئەڵێ (یانار کونی بردا و سلاما علی ابراهیم).

– مەحموود پاشای جاف لەگەڵ شێخی بیارە لە یەکێک لە باخە چڕ و ڕازاوەکانی هەورامانا دانیشتوون قسە ئەکەن. لە پڕ یەکێک لە منەوەرەکانی ئەو سەردەمە کە هەر لەو کۆڕەدا ئەبێت هەڵئەسێ تۆزێک دوور ئەکەوێتەوە بە پێوە دەست ئەکات بەمیزکردن، پاشا ئەڵێ ئەم کابرایە عەیب ناکا وا نزیک ئێمە و بەپێوە میز ئەکات لای خۆی تێ گەیشتووە شێخ وەڵامی ئەداتەوە ئەڵێ: جا ئەگەر وا نەبوایە میزەکەی ئەکرد بە سەروچاوی ئێمەدا.

– نۆشدار (دکتۆر)ێک عەمەلیاتی نەخۆشێک ئەکات، بۆ سبحەینێ بیری ئەکەوێتەوە کە مەقەستەکەی لە سکی نەخۆشەکەدا بەجێ هێشتووە و نەخۆشەکەشی زۆر بەئێش و ئازارە سەرلەنوێ نۆشدار سکی نەخۆش ئەکاتەوە و مەقەستەکە دەردێنێ بەڵام پێش ئەوەی دەست بکات بەدوورینەوەی سکی نەخۆشەکە پێی ئەڵێت: جەنابی دکتۆر، تکایە دوو سێ قۆپچە بۆ سکم بکە وای لێ بکە بە دوگمە دابخرێن بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمجارە چاویلکەکەت یا دەستکێشەکانتی تیا بەجێ مابوو، بە ئاسانی بکرێتەوە و دەریان بهێنییە دەرەوە.

– لە (برنادشۆ) ئەپرسن، رات چییە لە بابەت دابەشکردنی سامانی گشتییەوە؟ لە وەڵاما ئەڵێت: سەیری سەری رووتاوەی من و ریشم بکەن، بۆتان دەرئەکەوێ چۆن دابەش بووە. (بردناشۆ سەری رووتاوە و ریشێکی پان و درێژی بووە).

– کابرایەکی سەرڕووتاوە (وەک سەری برنادشۆ) بۆ شایەتی ئەبەنە بەردەمی حاکم. کابرا دەست ئەدا بە قورئانا ئەڵێت:

جەنابی حاکم بەسەری جەنابیشت کە ئەم تاوانەم لەم کابرایە دی هەر توکێکی سەرم ئەوەندە راست بووەوە.. حاکم گورج فەرمان ئەدا بیکەنە دەرەوە ئەمە شایەتی ساختەیە.

– موفتی زەهاوی ئەچێتە ماڵی (والیی بەغدا). دوای دانیشتن و گفتوگۆ نزیک چێشت هەنگاو، والی بە پیاوەکەی ئەڵێت: (جیب قهوة) موفتیش برسی ئەبێ ئارەزووی قاوەڵتی ئەکات ئەڵێ:

(بدلها بالتي هي احسن) واتە لە جیاتیی (قهوة) بیکە بە (قهوالتي)..

– برنادشۆ بانگ ئەکرێ بۆ ئاهەنگێک. لەناو بانگکراوانا یەکێک ئەچێتە بەردەمی بردناشۆ کە

تووڕەی بکات لێی ئەپرسێ تۆ کوڕی بەرگدروو نەبوویت. ئەڵێ بەڵێ. ئنجا ئەڵێ کەوابوو بۆچی هاتوویتە ئێرە برنادشۆش گورج دێتە وەڵام لە کابرا ئەپرسێت: ئەی تۆ (کوڕی یەکێک نیت لە خانەدانەکانی وڵات). کابرا ئەڵێ (بەڵێ) ئنجا برنادشۆ پێی ئەڵێ: ئەی بۆچی ڕەوشتی باوکتت ون کردووە؟

– قەسابێک ئەچێتە لای (پارێزەر)ێک لێی ئەپرسێ: ئەگەر سەگێک پارچەیەک گۆشتی لە دوکانەکەم فڕاند ئایە خاوەن سەگەکە پێویستە پارەی ببژێرێ یان نا؟

پارێزەر ئەڵێ: بێگومان قەسابەکە ئەڵێ کەوابوو بێنە نیو دینار حەقی ئەو پارچە گۆشتەی دوێنێ سەگەکەت فڕاندی.

پارێزەر گورج ئەڵێ:

تۆ قەرزاربار بوویت. بێنە نیو دیناری تریش چونکە من پارێزەرم بە پارە (ڕا)ی یاسایی بۆ خەڵک ئەدەم.

– لە سەردەمی حەجاج کوڕی یوسفدا، لە بەغدا دەروێشێک پەیدا ئەبێ ئەڵێن گوایە دوعای گیرایە، حەجاج بانگی ئەکات دوعای بۆ بکات. ئەویش ڕوو ئەکاتە ئاسمان، ئەڵێ خوایە زوو حەجاج بدەیت بە تەوقی سەرا، فەوتیکەی. حەجاج لە کابرا تووڕە ئەبێ ئەڵێ ئەوە چیت وت؟ کابرا ئەڵێ: گەورەم ئەگەر خوا بکا دوعاکەم گیرا بێ خۆشت رزگارت ئەبێ و ئیسلامیش ئەحەسێنەوە.

– زۆرجار لە موفتی زەهاوییان بیستووە کە لە (امجد الزهاوي) کوڕەزای کە منداڵ بووە پرسیوە (امجد اتحب والدك ام جد؟)

– کوڕێک وەختی خۆی لە برادەرەکەی پرسیوە: ئەگەر (چرچڵ و ئایدن و ئایزنهاور و دلاس و بۆلغانین و مۆلۆتۆف) هەموو پێکەوە لە کەشتییەکا بوون، لەناو دەریادا و شەپۆلێکی تیژی بەهێز هات کەشتییەکەی قلْپ کردەوە ئەزانی کامیان لەوانە خۆیان رزگار ئەکەن؟ برادەرەکەی وەڵامی ئەداتەوە، ئەڵێت: کە ئەوانە هەموو خنکان عالەم بە جارێ رزگاری ئەبێ.

## یا عەبابەیلێ بەرەوڕووت هاتم
## هەڵەبجە خۆشەکەی گوڵی وڵاتم

جا بابزانین ناوی هەڵەبجە لە چییەوە هاتووە؟ یەکەم: لەو ڕووەوە زۆر قسە هەیە، یەکێکیان گوایە لە (هەلوجە – هەڵووژە)وە هاتووە، بەڵگەشیان گوندی (عنب – عەنەب)ە کە نزیکی هەڵەبجەیە، کە هاوڕەگەزن لەگەڵ هەڵووژەدا. دووەمیان: قسەی حەسەن فەهمی جاف کە خۆی پیاوێکی خوێنەوار و توێژەر بوو دەڵێت: هەڵەبجە لە (عەجەب جا)وە هاتووە، واتا شوێنێکی سەیروسەمەرەیە، بەڵام

ئایا ئەو عەجایبانەی هەڵەبجە لە کوێ و لە چیدایە؟ سێیەم: ئەمین زەکی بەگ دەفەرمووێ کە هەڵەبجە لە شوێنی ناحیەی (هارهار)ە، ئەوەی کە سەرجوتی ئاشووریی دوای داگیرکردنی لە سەدەی بیست و هەشتی پێش زایندا داگیر کرد و ناوی نا (کارشارۆکن – واتا شاری سەرجون یاخود شاری سارگۆن).

چوارەم: خوا لێخۆشبوو حامید بەگی جاف کە خۆی پیاوی گەورە و بەتەمەنی هەڵەبجە بوو. کە لەم بابەتەوە پرسیارم لێ کرد وتی: ناوەکە لە بنچینەدا لە (الب – جا)وە هاتووە. ("الب – الب" ئەرسەلان – محەمەدی کوڕی داود نازناوی سوڵتانی گەورە "وعظ الدولة") کە لە نێوان ساڵەکانی (١٠٣٣– ١٠٧٢) ناوچەی هەڵەبجە و مەڕۆ و ئەرفەنیا و هەڕات و نیسابوری داگیر کردووە. بەڵگەی حامید بەگیش شاری قزڵجەی ناوچەی پێنجوێنە کە گوایە ئەویش لە (قزڵ – جا)وە هاتووە کە بەناوی (قزڵ – ئەرسەلان)ی سلجووقییەوەیە، من زیاتر لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام.

ئەم شارە جوان و ڕازاوەیە کە گوڵی باخی کوردستان بوو، لە لایەن بەعسییەکانەوە کە دوژمنی کوردن و لە مرۆڤایەتییەوە بەدوورن وێران کرا، بەڵام ئەوانەی لای خۆمان چۆن ڕێگەیان بە خۆیان دا کە ئەم شارە نازدارە بسووتێنن بەو هەموو بەڵگەنامە و سجلی تەشریفات و نووسینی ئەو پیاوە مەزنانەی جیهان کە هاتوون بۆ سەردانی هەڵەبجە و تێبینیی خۆیان لە تۆمارگەی تایبەتیدا تۆمار کردووە و ئیدانەی بەعس و هەموو دوژمنانی کوردیان تێدا نووسیوە. تۆ بڵێی کاربەدەستانی مۆنیومێنتەکە لە سەرەتاوە هەستیان بەدەستدرێژیی هەندێ کەس نەکردبێت لە ڕێپێوانەکەدا کە لە دواییدا بوو بەهێرش و سووتاندن لە لایەن پیاوخراپانەوە، دەڵێم ئاخۆ بە جۆرێک ئەو سجلە بەنرخە و ئەو شتانەی تریان کۆپی یان وێنە نەگرتبێتەوە بۆ ئەوەی نەفەوتێن؟ ئەگەر خوا بکات هەستیان بەوە کردبێت ئەو پێشبینییەیان لا بووبێت، هەر باشە. ئەم شتانە یادی ڕاپەڕینەکەم دێنێتەوە بەرچاو، کە هەندێ لە ڕووخێنەر و ئاژاوەچییەکان چوون سجلات و فایل و بەڵگەنامەی دادگە و تاپۆ و تەسجیلی عەقاری و زۆری تریان سووتان، وایان دەزانی بەوە سەدام یاخود بەعس دەسووتێنن کە ئەوان بە پێچەوانەوە ئەو کردەوانەیان پێ خۆش بوو، کە بەوە مافی سەدان دانیشتوانی شارەکە و خەڵکی دەرەوەیان کرد بەژێر خۆڵەوە وەکو بیستوومە کاتێک لە ئێران شا لابرا کۆشکەکەی و ئەو شتانەی کە تیای بوو تاکو کورسی و مێزەکەی هەموویان وەک خۆیان لە شوێنەکەیاندا بە ساغ و سەلامەتی ماونەتەوە کەس دەستی بۆ نەبردوون. هەموو میللەتێک شانازیی بەجێماوی کۆنی خۆی و هەیکەل و بەڵگەنامەی بەنرخ و مێژوویینەوە دەکات کە پێویستە ئەوانە وەک بیلبیلەی چاو و دڵ و خوێن و جگەر بپارێزرێن.

دەبێ پیاوی ژیر و دڵسۆزی میللەتەکەمان ڕێگە بەو جۆرە کەسانە نەدەن کە توراسی میللەت بفەوتێنن، بەڵێ ئەگەر نارەزایی دەربڕین و گلەیی لە حکوومەت و لە دەزگەکانی هەبێت ئەوە بە ڕێپێوانەکە دەربڕراو یاداشت پێشکەش کرا، با چاوەڕێیان بکردبا، بۆیە دەڵێم پێویستە فێری ئەوە ببین چۆن داواکارییەکانمان پێشکەش بکەین و چۆن ئەوەی مەبەستمانە بیخەینە پێش چاو، لام

وایە ئەمڕۆ ڕۆژی گفتوگۆ و دانیشتنە "هەروەک دەڵێن قەڵەم و موراجەعاتە". ئێمەی کورد دوژمنمان زۆرە، دراوسێکانمان هەموو ئەم بەزمانەیان نەک هەر پێ خۆشە، بەڵکو بەئاڵتوون دەیکڕن ئیتر لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو شیعرە فۆلکلۆرییەی کە وەختی خۆی لە شارەزووردا گوێم لێی دەبوو بە هەڵەبجەیاندا هەڵدەدا و دەیانگوت:

یا عەبابەیلێ بەرەوڕووت هاتم

هەڵەبجە خۆشەکەی گوڵی وڵاتم

لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"دا بڵاو کراوەتەوە

## ئاهەنگەکانی تەمەن

## یۆبیلەکان و یۆبیلی سلێمانی

لە درێژەی ژیانی مرۆ، یاخود میللەت یا حزب یا دەوڵەت یا شار یا دەزگا، ئاهەنگ بە تێپەڕبوونی چەند ساڵەوە دەگێڕێت کە تێ پەڕیوە بەسەر تەمەنا، ئیتر ئەو تەمەنەی کورت بێت یا درێژ، هەریەکە ناوێکی دراوەتە پاڵ هەندێ سەرچاوە بەم جۆرەی خوارەوە تۆماریان کردووە:

- یۆبیلی کاغەز دوای تێپەڕبوونی یەک ساڵ.
- یۆبیلی توێکڵ، دوای دوو ساڵ.
- یۆبیلی پێست، دوای چوار ساڵ.
- یۆبیلی تەختە، دوای پێنج ساڵ.
- یۆبیلی تەنەکە، دوای دە ساڵ.
- یۆبیلی زیو دوای پانزە ساڵ.
- یۆبیلی زمروت، دوای ٤٠ ساڵ.
- یۆبیلی یاقووت گەوهەر دوای ٤٥ ساڵ.
- یۆبیلی ئاڵتوون دوای ٥٠ ساڵ.
- یۆبیلی ئەڵماس دوای ٦٠ ساڵ.

شارە گەشاوەکەمان کە بە شاری هەڵمەت و قوربانی بەناوبانگە، ئەو شارەی ئەستێرەیەکی پرشنگداری گەشاوە، دڵ روون و دەست رەنگین، رووخۆش و دەم بەپێکەنین لە بەردەم شاخی گۆیژەدا راکشاوە.

ئەو سلێمانییەی لە ئەنجامی بەسەرهاتی ناخۆشی یەک لە دوای یەکدا قاڵ بووە، بۆیە هەرگیزاو هەرگیز نوقڵانەی پێش روونی بۆ خۆی لێ داوە، کە رۆڵەکانی جگەرگۆشەکانی بەچاوێکی پڕ لە هەست و ئەوپەڕی شادییەوە سەیری بکەن، ئەو سلێمانییەی ساڵی ١٧٨٤ بنیات نرا واتە ٢٢٠-

٢٢١ ساڵ بەسەر دروستکردنیدا تێپەڕی، ئەم هەموو ئاهەنگانەی ڕۆژ بەڕۆژ کە هەریەکە بە بۆنەیەکەوە لە ناویدا دەگێڕێ، ئەویش لە دوورەوە سەیر دەکات بگرە جار جاریش فرمێسک بەچاوەکانیا دێتە خوارەوە، لە دڵی خۆیدا هەر لێکی دەداتەوە و دەیڵێ و دەیڵێتەوە، ئایا تا ئێستا ڕۆڵەکانی کە پێی گەیاندوون و گەورەی کردوون بیریان لەم دایکە نەکردووەتەوە کە ئاهەنگێک لەو ئاهەنگانەی باس کران بۆی بگێڕن لەگەڵ ئەم هەموو نووسین و هاوار و بڵاوکردنەوەدا کە ئێستا ئەمە جاری چوارەمە هەر لە لایەن نووسەری ئەم باسەوە داوا کراوە و گفت و قسە دراوە و لە ڕۆژنامەدا بڵاو کراوەتەوە و کەچی هیچ و هیچ.. زۆر ئاهەنگ پێک هاتووە کە یۆبیلی تەنەکە، تۆ بڵێی زیو شایستەیەتی کەچی ٢٢٠ ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر تەمەنی سلێمانیدا شایستەی سێ یۆبیلی ئەڵماس و یۆبیلێکی زمروتە کە دەکاتە ٢٢٠ ساڵ یاخود شایانی شەش یۆبیلی مرواری و یۆبیلێکی زمروتییە بە ئاڵتوونی-ش دەکاتە چوار یۆبیل و نیو، دە باشە کەس ئاوڕێکی لەم گۆشەیە دایەوە؟

وا دیارە کاربەدەستانی شار ئەم کارەیان هەڵگرتووە بۆ تێپەڕبوونی پێنج یۆبیلی ئاڵتوونی کە دەکاتە ٢٥٠ ساڵ تا ئەو کاتەش خوا دەیزانێ کێ دەمێنێت و کێ نامێنێت، کێ دەیبینێت و کێ نایبینێت. ئەی باشە سەرۆکی شارەوانی کە چووە ئەمریکا و لەوێ دەستەخوشکێکی بۆ سلێمانی پەیدا کرد نەدەبوو بەلای کەمەوە و هەر بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکی تەنەکە بگێڕێ و سەرۆکی شارەوانیی ئەو دەستەخوشکە بانگ بکات بۆ ئەوەی دەستەخوشکی شارەکەی کە سلێمانییە بە چاوی خۆی ببینێ، یاخود ئەوە دوا خراوە تا دەست پیاهێنانی شار تەواو دەبێت، ئەوەش خوا دەیزانێ کەی دەبێت!!

لە "کوردستانی نوێ"دا بڵاو کراوەتەوە